
PEACE PARADIGMS

Berghof Foundation



# کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر داینامیکی ململانێکان لە عێراق

## لێکۆڵینەوە لە قەزاکانی مەخمور، تەلعەفەر، و ئەلریفای

**سوپاس و پێزانین**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەبێ پشتیوانی زۆرێک لە تاک و قەوارەکان نەدەکرا. سەرەتا و پێش هەموو شتێک سوپاسێکی تایبەت ئاراستەی ئەو توێژەر و چاوپێکەوتنکارانە دەکەین کە چاوپێکەوتنەکانیان ئەنجامداوە و هەروەها بۆ هاوبەشەکانی چاوپێکەوتن لە عێراق کە کاتیان بۆ دیدار و ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوون و دیدگاکانیان تەرخان کردووە. بەڕاستی جێگەی پێزانینە. هەروەها تیمی پڕۆژەکە سوپاسی کۆمپانیای Adelphi دەکات کە چوارچێوەی شیکارییەکەی داڕشتووە و شارەزاییەکانیان پێشکەش کردووە. لە کۆتاییدا، تیمی پڕۆژەکە بە تایبەتی سوپاسی Robert Bosch Stiftung GmbH دەکات کە بە میهرەبانی پشتگیری لەم پڕۆژەیە کردووە کە ئەم ڕاپۆرتە لە چوارچێوەیدا بەرهەم هێنراوە.

**دیزاین:** ئامبەرپرەس، کاتیا کۆبەرلین، گۆسیا وارینک

**الترجمة:** چیمەن یوسف علی

أُعِدّ هذا التقرير في إطار مشروع «تعزيز التفاهم ودعم الحوار على المستوى المحلّي للتصدّي لمخاطر الأمن المناخي في العراق» الذي نفّذته مؤسّسة بيرغوف ومؤسسة مسارات السلام بدعمٍ من مؤسّسة روبرت بوش ستيفتونغ.

**بڵاوکراوەتەوە لە لایەن**

ڕێکخراوی پارادایمەکانی ئاشتی
ناوچەی ئەلقادیسیە، قەزای ٦٠٦
شەقامی ١٤، خانووی ٣٣
بەغدا، عێراق

بەختیاری وەزیران، MNW
بینای B٣، نهۆمی ٨، شوقە ١-٤
هەولێر، عێراق

www.ppo-iq.org

ئۆپەراسیۆنەکانی دامەزراوەی بێرگۆف gGmbH
لیندێنستراس ٣٤
١٠٩٦٩ بەرلین
ئەڵمانیا

www.berghof-foundation.org

© .٢٠٢٣ . هەموو مافەکانی پارێزراوە.
ئەم کارە دابەش دەکرێت بەپێی مەرجەکانی Creative Commons Attribution 4.0 License.

# کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر داینامیکی ململانێکان لە عێراق

## لێکۆڵینەوە لە قەزاکانی مەخمور، تەلعەفەر، و ئەلریفای

# پوختەی ناوەڕۆك


پوختەی جێبەجێکردن ٤

میتۆدۆلۆژیا ٨

گۆڕانی کەشوهەوا و ململانێ لە عێراق ١٠
وەڵامی حکومەت ١٤

ڕێڕەوەکانی دەرەنجامی قەزاکان ١٦
خاڵە هاوبەشەکان ١٦
دەرەنجامەکانی قەزاکە ١٨
قەزای مەخمور ١٨
قەزای ئەلریفای ٢٤
قەزای تەلعەفەر ٢٩

پێشنیارەکان ٣٦

# پوختەی جێبەجێکردن

کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و مەترسییە ئەمنییەکانی پەیوەست بەوەوە لە سەرانسەری عێراقدا دەستیان پێکردووە. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، بەرزبوونەوەی ڕووداوە توندەکانی کەشوهەوا، وەک بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، وشکەساڵی، بیابانبوون، لافاو، و زریانی خۆڵ و خۆڵ بارین، لێکەوتەی ترسناک و جۆراوجۆری لێکەوتەوە، لەوانە کەمی ئاو، لەدەستدانی بژێوی ئابووری (بەتایبەت بۆ ئەوانەی وابەستەی کەرتی کشتوکاڵین)، ئاوارەبوون و کۆچکردن بەهۆی کەشوهەوا، و زیادبوونی نائاسایشی خۆراک. لاوازی وڵات بەرامبەر بە ئەم کاریگەرییانە بەرزبووەتەوە بەهۆی سنووردارکردنی تواناکان و نەبوونی پێکهاتە و میکانیزمێک کە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر وەڵامی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بداتەوە و کەم بکاتەوە.

هەروەها ئەو ئاڵەنگاریانە کە ئێستا عێراق ڕووبەڕووی بووەتەوە پەیوەست بە ململانێی ئەم دواییە لەگەڵ داعش، وەدەرنانی سیاسی و خراپ بەڕێوەبردن، تەنیا بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا زیاترو توندتر بووە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات قووڵتر بچێتە ناو پرسی گۆڕانی کەشوهەوا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ داینامیکی ململانێکان و کاریگەرییەکانی لە سەرانسەری وڵاتدا. بە تایبەتی، گرنگی بە ڕێگاکانی کەشوهەوا دەدات - یان ئەو ڕێگایانەی کە گۆڕانی کەشوهەوا بەشداری دەکات لە ململانێ و نائەمنی - لە مەخموور، ئەلریفای و تەلعەفەر.[1] ئەم ڕێگایانە کە لەلایەن کۆمپانیای ئەدێلفیەوە[2] دامەزراون، دەتوانن یارمەتی داڕێژەرانی سیاسەت، لایەنە حکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نیشتمانی، ئاشتیخوازان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەخشەرەکان بدەن باشتر لە پەیوەندی کەشوهەوا-ئاسایش تێبگەن لەسەر بنەمای نموونەی کۆنکرێتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ئەمەش نیشان دەدات کە چۆن هۆکارە جیاوازەکان کارلێک دەکەن. ئەم ڕێڕەوانەی خوارەوەی کەشوهەوا لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەک چاویلکەیەکی شیکاری بەکارهێنراون بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر داینامیکی ململانێکان لە قەزاکانی مەخموور، ئەلریفای و تەلعەفەر.

- سەرچاوە سروشتییەکان. کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا وەک گۆڕانی پلەی گەرمی و بارانبارین دەتوانێت دەستڕاگەیشتن و بەردەستبوونی سەرچاوە سروشتییەکانی وەک زەوی و ئاو بگۆڕێت. ئەمەش دەتوانێت کێبڕکێ و گرژی نێوان گروپەکان یان کۆمەڵگاکان زیاد بکات.زیادبوونی کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی یان ململانێ.
- نائەمنی بژێوی ژیان. لافاو، زریان، ئاگرکەوتنەوە لە کێوەکان یان بە هێواشی دەستپێکردنی مەترسییەکانی وەک وشکەساڵی یان کەمی بارانبارین کاریگەری نەرێنی لەسەر بژێوی

1 لەنێو پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هەرێمەکاندا، دەستنیشانکردنی ڕێڕەوی ئاسایشی کەشوهەوا هەیە کە خاڵی چوونە ژوورەوە بۆ بەشداریکردن دابین دەکات کە دەتوانرێت لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمەکەیدا پشتگیری بکرێت و توانای دروستکردنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ بەشداربووان و ئاسانکارانی گفتوگۆ. جگە لەوەش، هاوسەنگکردنی پێکهاتەی دیمۆگرافی گشتی لەگەڵ نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییە جیاوازەکان و یەکخستنی بزوێنەری جیاوازی یەکتربڕینی مەترسییەکانی کەشوهەوا و داینامیکی ململانێکان پێوەرە سەرەکییەکانن. ئەمەش ڕێبازێکی هاوسەنگ دەکات کە تێگەیشتن لە پەیوەندی ئاسایشی کەشوهەوا لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە بەرەوپێش دەبات و هەروەها خاڵە جیاوازەکانی چوونە ژوورەوە دروست دەکات.

٢ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەدێلفی و ڕێبازەکەی، سەیری https://adelphi.de/en بکە و Rüttinger et al: A New Climate for Peace ڕوتینگەر و هاوکارانی: کەشوهەوای نوێ بۆ ئاشتی، ٢٠١٥.

خەڵـک هەیـە. ئەمـەش دەتوانێـت ببێتـە هـۆی ئاوارەبـوون و کۆچکـردن. لەگـەڵ زیادبوونـی ڕێـژەی بێکاری، لاوازی دەوڵـەت و توانـای کەمـی شـارەکان بـۆ میوانداریکردنـی تازەهاتـووان، لەنێـو هۆکارەکانـی تـردا، زۆرجـار خەڵـک هیـچ بژاردەیەکیـان بـۆ نامێنێتـەوە جگـە لـە ڕووکردنـە ئابوورییـە نایاسـاییەکان. هەروەهـا ئەمـەش دەتوانێـت گرژیـی کێبڕکـێ لـە نێـوان دانیشـتووان و کۆچبەرانـی تـازە ئـاوارەدا دروسـت بـکات.

- نائاسایشـی خـۆراک. گۆڕانی کەشـوهەوا کاریگەری لەسـەر بژێـوی ژیـان هەیـە، وەک کشـتوکاڵ، بەشـدارە لـە ناجێگیـری نرخـی خـۆراک و دابینکردنـی کـە دەتوانێـت وەک وروژێنەرێـك کاربـکات بـۆ نارەزایەتـی و ناسـەقامگیری سیاسـی کاربـکات. ئەمـەش دەتوانێـت ببێتـە هـۆی نائارامـی کۆمەڵایەتـی و دواتـر توندوتیـژی دەوڵەتـی بەرامبـەر بـە هاووڵاتیـان.

- حوکمڕانـی لاواز. توێژینـەوەکان دەریانخسـتووە کـە مەترسـییە ئەمنییەکانـی پەیوەسـت بـە کەشـوهەوا بـە تایبەتـی لـەو شـوێنانە گرنگـن کـە میکانیزمەکانـی حوکمڕانـی لاوازن یـان شکسـتیان هێنـاوە. کاریگـەری و ڕووداوە ڕاسـتەقینەکانی کەشـوهەوا و کاریگەرییەکانیـان لەسـەر کۆمەڵـگا و ئاسایشـی مـرۆڤ و سیسـتەمەکان پەیوەسـتن بـە چەندیـن هـۆکارەوە کـە کاریگەرییـان زیاتـرە لەسـەر کەسـانی زیانلێکەوتـوو، ئابـووری و سیسـتەمی سیاسـی هەیـە. توانـای گونجـاوی نـزم بـۆ وەڵامدانـەوەی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا و میکانیزمەکانـی چارەسـەرکردنی ناکۆکـی لاواز یـان نەبوونـی بەشـدارن لـە توندکردنـەوەی داینامیکـی ململانێـکان.

- اکارەسـاتی سروشـتی. کاتێک لەگـەڵ وەڵامدانەوەی ناتـەواوی حکومـەت و وەدەرنانـی هەسـتپێکراویدا تێکـەڵ دەکرێـت، ڕووداوە توندەکانـی کەشـوهەوا و کارەسـاتەکانی وەک لافـاو، ئاگرکەوتنـەوە یـان بوومەلـەرزە دەتوانـن بەشـداربن لـە نارەزایەتـی و ناسـەقامگیری سیاسـی. مەترسـییەکانی کەشـوهەوا دەتوانـن ئەو کردارانـە ورووژێنن کە دەسـەڵاتەکان تێکـدەدەن، تواناکانـی دەوڵـەت دەشـێوێنن، یـان تەحـەدای کۆنترۆڵـی دەوڵـەت بکەن کـە دەتوانێت ببێتـە هـۆی نائارامـی کۆمەڵایەتـی، سـەرکوتکردنی حکومـەت و توندوتیـژی دەوڵـەت دژی هاوڵاتیـان.

- دەرئەنجامـە نەخوازراوەکانـی سیاسـەت. کاتێـک سیاسـەتەکانی گۆڕانـی کەشـوهەوا شکسـت دەهێنـن، یـان دەسـەڵاتە ناوەندییـەکان یـان کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی سیاسـەتگەلێک دادەمەزرێنـن کـە هەسـتیار نیـن بـە ململانـێ، هۆکارەکانـی کەشـوهەوا دەتوانـن بەشـداربن لـە سـەرهەڵدانی توندوتیـژی یـان نائارامـی کۆمەڵایەتـی. ئەگـەر سیاسـەتەکانی گۆڕانـی کەشـوهەوا بـە شـێوەیەکی خـراپ دارێـژراو بـن ویـان لەگـەڵ بڕیاردانـی سـەرەوە بـۆ خـوارەوە تێکـەڵ بکرێـن، ئـەوا دەتوانـن کۆمەڵـگاکان پەراوێـز بخـەن یـان نارەزایەتییەکانـی ئێسـتا لـە کۆمەڵگـە لاوازەکانـدا توندتـر بکەنـەوە.

- هیـچ پەیوەندییەکـی هۆکارانـە نییـە: ئـەو میکانیزمـە هـۆکارە تایبەتـەکان کـە گۆڕانـی کەشـوهەوا بـە نائەمنی و ململانێی (توندوتیژانە) ەوە دەبەسـتنەوە، هێشـتا مـاوە لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکرێـت. لـە کاتێکدا هیچ پەیوەندییەکـی هۆکارانـەی سـادە لـە نێـوان گۆڕانـی کەشـوهەوا و ململانێـدا نییـە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان وا بیردەکرێتـەوە کـە گۆڕانـی کەشـوهەوا هەڕەشـەیەک یـان مەترسـییەکە کـە داینامیکـی ململانێـی هەنووکەیـی خراپتر دەکات.

بە گشتی توێژینەوەکە دەریخستووە کە ڕێڕەوی جۆراوجۆر تا ڕادەیەک لە قەزاکاندا بوونیان هەیە، کە سەرچاوە سروشتییەکان، نائاسایشی بژێوی، نائاسایشی خۆراک و حوکمرانی لاواز دیارترین ڕێگاکانن (بڕوانە خشتەی ١ لە خوارەوە). ئەم توێژینەوەیە پێویستە شانبەشانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەدا لەبەرچاو بگیرێت کە لەلایەن دامەزراوەی بێرگۆف و ڕێکخراوی پاراداایمەکانی ئاشتی (PPO) ئەنجامدراوە کە تیشکی خستۆتە سەر تێگەیشتن لە ڕێڕەوەکانی کەشوهەوا لە نۆ قەزای دیکەدا. دەرەنجامەکانی ئەو قەزایانەی لەم ڕاپۆرتەدا باسکراون پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە لەگەڵ ئەو نۆ قەزایەی لە ڕاپۆرتەکەی تردا هاتووە، کە بریتین لە ئافاک، بەیجی، چەمچەماڵ، حەمزەی ڕۆژهەڵات، حەویجە، کەلار، کفری، شەت العرب و ئەلزوبەیر. بەم شێوەیە، ئەنجامەکان لێرەدا دەبێ وەک پشتڕاستکردنەوە و دەوڵەمەندکردن و فراوانکردن سەیر بکرێن لەسەر ئەوانەی کە لەلایەن لێکۆڵینەوەکەی دیکەوە بەرهەم هێنراون.[٣]

| ڕێڕەو | قەزاکان | | |
|---|---|---|---|
| | مەخمور | ئەلریفای | تەلعەفەر |
| سەرچاوە سروشتییەکان | x | x | x |
| ئاەمنی بژێوی ژیان | x | x | x |
| نائاسایشی خۆراک | x | x | |
| حوکمڕانی لاواز | x | x | x |
| کارەساتی سروشتی | | | |
| دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی سیاسەت | | | |

خشتەی یەکەم: ڕێڕەوی کەشوهەوا لە مەخموور، ئەلریفای و تەلعەفەر.

٣ پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣دا ڕاپۆرتەکە بڵاوبکرێتەوە.

# پێشنیارەکانی سەرەکی

١. بەرزکردنەوەی ئاستی ئۆپەراسیۆنە گشتییەکان
ئاسانکاری بۆ پرۆسەکانی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشە گشتگیرەکان کە سەرکردە سەرەکییە ناوخۆییەکان بە لایەنە ناوچەیی و نیشتمانییە پێویستەکانەوە دەبەستێتەوە, و یارمەتی ئاگادارکردنەوە یان گونجاندنی ستراتیژییە نیشتمانییەکان دەدات کە لەسەر ئاستی قەزاکان پەرەیان پێدراوە.

٢. فاکتەری بودجە لە پلانەکانی کەشوهەوادا
داکۆکیکردن لە تەرخانکردنی بودجەی گونجاو لەلایەن حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەوە کە کەمترین مەرجیان هەبێت بۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنە هەرە زەقەکانی پلانی وەڵامدانەوەی کەشوهەوا.

٣. بەهێزکردنی تواناکانی لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان
بەهێزکردنی توانای دەزگاکانی حکومەت لە بواری بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان و وەڵامدانەوەی سیاسەتی خۆڕاگری کەشوهەوا, شتێک کە پێویستە شانبەشانی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی ئەنجام بدرێت.

٤. پێشخستنی هاوکاری هاوبەش
بەهێزکردنی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان لایەنە کارگەیرە جیاوازەکاندا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاسایشی کەشوهەوا لە عێراقدا بۆ دوورکەوتنەوە لە کاری دووبارە و بەریەککەوتن لە ئاستی بەرنامەسازیدا. .

٥. پێشخستنی حوکمڕانی کاریگەر
پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی نێوەندگیری بۆ چارەسەرکردنی گەردنی تەنگەکانی حوکمڕانی کە لە پرسی ناوچە ناکۆکەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە ڕێگری لەو چارەسەرو کردارانە دەکەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی کەشوهەوا.

٦. بەهێزکردنی هەوڵەکانی نێوەندگیری
داکۆکیکردن لە نێوەندگیری حکومەتی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی عێراق وەرگری ئاوە.


٧. پشتگیریکردن لە توێژینەوەی گشتگیر
پشتگیریکردن لە توێژینەوەی زیاتر بۆ دروستکردنی بنکی زانیاری، لێکۆڵینەوە لە بوارە پەیوەندیدارەکانی زیاتر وەک کارلێکی نێوان کەشوهەوا، ململانێ و ڕەگەز، و تەواوکردنی ڕێبازی شیکاریی هەبوو بە میتۆدۆلۆژیای زیاتر بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنێکی گشتگیر لە بابەتەکە..

# میتۆدۆلۆژیا

دامەزراوەی بێرغۆف و ڕێکخراوی پارادایمەکانی ئاشتی (PPO) توێژینەوەیەکیان لە چوارچێوەی پرۆژەی «بەرەوپێشبردنی لێکتێگەیشتن و پاڵپشتیکردنی گفتوگۆلەسەر ئاستی ناوخۆیی بۆ چارەسەرکردنی مەترسییەکانی ئاسایشی کەشوهەوا لە عێراق» ئەنجامداوە. ئەم پرۆژەیە ئامانجیەتی تێگەیشتنێکی باشتر لە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر داینامیکی ململانێی و هەروەها دەستنیشانکردنی خاڵەکانی چوونە ژوورەوە بۆ دەستپێکردنی ڕاوێژکاری، ئاڵوگۆڕ و گفتوگۆ.

توێژینەوەکە لە سێ قەزا ئەنجامدراوە:

- مەخمور، دەکەوێتە پارێزگای هەولێر
- تەلعەفەر، دەکەوێتە پارێزگای نەینەوا
- ئەلریفای، دەکەوێتە پارێزگای زی قار



ئـەو میتۆدۆلۆژیایـەی کـە بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە بەکارهاتـووە پشـت بـە کۆکردنـەوەی زانیـاری چۆنایەتـی دەبەسـتێت لـە ڕێگـەی چاوپێکەوتنـی قووڵـی نیمچـە پێکهاتەیـی (IDIs) و گفتوگۆی گروپـی فۆکـەس (FGDs). بـە گشـتی ٢٠ IDI ئەنجامـدرا. لەوانـە بەرپرسـی قـەزا و ناحیـە لاوەکییـەکان، سـەرۆکی بەڕێوەبەرایەتییەکانـی بەرپرسـیار لـە کشـتوکاڵ، ژینگـە و بیابانبـوون، دەزگا ئەمنییـەکان، سـەرکردەکانی هـۆزەکان، موختـارەکان، چالاکوانـان و ئەندامانـی قوتابخانەکانیـان کـردە ئامانـج. ئـەم پۆستانە بـە شێوەیەکی سـەرەکی لەلایـەن پیاوانـەوە داگیرکـراون. بـەو پێیـەی کـە ژنـان بـە شـێوەیەکی بەرچاو کەمـن لە پۆسـتە سیاسییە کاریگـەرەکان لـە عێراقـدا، کـەم ژن چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ کـراوە لـە IDIکانـدا. بـەڵام FGDs نوێنەرایەتـی دەرفەتێکـی باشـتریان دەکـرد بـۆ بەشـداریکردنی ژنـان. دە دانیشـتنی FGD بەڕێوەچـوو، کـە کـۆی گشـتی ١٢٤ بەشـداربوو بەشـدارییان کـرد، کـە ٣٩ ژن و ٨٥ پیـاو بـوون. لـە کاتێکـدا کـە حاڵـەت هەبـوون کـە نەتوانـرا ژنـان لـە شـوێنە تێکەڵەکانـدا بەشـداربن یـان بەشـدارییان پێبکرێـت لـە چاوپێکەوتنەکانـدا، پشـتیوانی کۆمەڵـگا ناوخۆییـەکان لـە ئەلریفـای ئاسـانکاری بـۆ ڕێژەیەکـی بـەرزی بەشـداریکردن لـە نێـوان ژنانـدا کـرد. جگـە لـەوەش، ئەلریفـای تارادەیـەک لـە ئامادەبوونـی کۆمەڵگـە نێودەوڵەتـی و مەدەنییـەکان دابـڕاوە. لـە ئەنجامـدا کۆبوونەوەکانـی چاوپێکەوتـن دەرفەتێکیـان بـۆ هـەردوو کۆمەڵـگا بـە گشـتی و ژنـان بـە تایبەتی ڕەخسـاند کە ئاسـتەنگەکان و نیگەرانییەکانیـان دەربـڕن. بـە گشـتی چەندیـن لایەنـی جیـاواز ، لەوانـە جووتیـاران، مامۆسـتایانی زانکـۆ، بەرپرسـانی حکومـەت، کارمەندانـی کەرتـی تایبـەت، ڕۆژنامەنووسـان، چالاکوانـی مەدەنـی و پزیشـکان کۆکرانـەوە. دابەشـبوونی بەشـداربووان بـۆ هـەر قەزایـەک دەتوانرێـت لـەم خشـتەیەی خـوارەوەدا بدۆزرێتـەوە:

ئـەو بابەتانـەی لـە چاوپێکەوتنـەکان و گفتوگۆکانـی فۆکـۆس گروپـدا لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر کـرا بریتـی بـوون لـە داینامیکی و ڕەوتەکانـی ململانێی هەنوکەیی و هەروەهـا کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا کـە لـە قەزاکـەدا بینـراون ، دەرئەنجامەکانیـان، و میکانیزمەکانـی ڕووبەڕووبوونـەوە و وەڵامەکانـی کۆمەڵـگا و دەسـەڵاتداران.

توێژینەوەکـە بەسـەر سـێ بەشـدا دابەشـکراوە. یەکەمیـان تێڕوانینێکـی گشـتی لـە سـەرداینامیکی ململانێـکان و ڕەوتـی گۆڕانـی کەشـوهەوا لـە عێراقـدا دەخاتـە ڕوو. دووەمیـان قـووڵ دەبێتـەوە لـە دۆزینەوەکانـی یەکتربڕ و قـەزاکان کـە سـەریان هەڵـدا. لـە ڕووی دەرئەنجامـی ناوچەکانـەوە، سـێ بوارەکـە بـە تـاک دەستنیشـان کـران و پێشـنیار بـۆ هەریەکەیـان کـرا. سـەرنج بـدەن کـە دۆزینەوەکانـی قـەزا کـە خراوەتـەڕوو کورتکـراوەن کـە لـە ڕاپۆرتـە دووروودرێژەکانـی قـەزاکان وەرگیـراون. لـە کۆتاییـدا توێژینەوەکـە بـە چەندیـن پێشـنیاری گشـتی کۆتایـی دێـت کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و لایەنـە حکومییـەکان دەکەنـە ئامانج کـە دەتوانن یارمەتیدەر بـن لـە کەمکردنـەوەی هەندێـک لـە ئاسـتەنگەکان و گرژییەکانـی پەیوەسـت بـە کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا.

| شوێن | ژمارەی IDIەکان | ژمارەی FGDs | ژمارەی بەشداربووانی FGDs' |
|---|---|---|---|
| مەخمور | ١٠ | ٣ | ٣٤ (١٥ ژن و ١٩ پیاو) |
| تەلعەفەر | ٥ | ٣ | ٣٥ (٤ ژن و ٣١ پیاو) |
| ئەلریفای | ٥ | ٤ | ٥٥ (٢٠ ژن و ٣٥ پیاو) |

# گۆڕانی کەشوهەوا و ململانێ لە عێراق

أکاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق زیاتر و زیاتر دەرکەوتووە. وشکەساڵی، پلەی گەرمی زۆر، لافاو، بیابانبوون و زریانی تۆز، بووەتە تایبەتمەندییەکی بەردەوامی ژیانی ڕۆژانە لە سەرانسەری وڵاتدا. بانکی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا ١٥ جۆری جیاوازی کارەسات پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا ڕوویانداوە و لە ئەنجامدا مردن و لەدەستدانی موڵک و ماڵی خەڵک و ئاوارەبوونی کۆمەڵگاکان بووە، و لافاوەکانی ساڵی ٢٠١٨ یەکێک بوو لە توندترین کارەساتەکان لە ساڵانی ڕابردوودا ، کە کاریگەری لەسەر نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ کەس لە سەرانسەری پێنج پارێزگادا هەبووە.[٤] کاریگەرییەکان ئەوەندە بەرچاو بوون کە نەتەوە یەکگرتووەکان عێراقی وەک یەکێک لە پێنج وڵاتی سەرەکییەکانی جیهان پۆلێن کردووە کە هەستیارترینە بەرامبەر بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.[٥] لە وتارێکی ئەم دواییەیدا، سەرۆکوەزیرانی عێراق، محەمەد ئەلسودانی، دانی بەو کاریگەرییە سەختەی قەیرانی کەشوهەوا لەسەر وڵاتەکەی دانا و ڕایگەیاند، "زیاتر لە حەوت ملیۆن هاووڵاتی لە عێراق [بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا] کاریگەرییان لەسەر بووە. وە سەدان هەزار ئاوارە بوون، چونکە بژێوی ژیانیان لەدەستداوە کە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستێت"[٦].

لەڕاستیدا کەرتی کشتوکاڵ کە دووەم گەورەترین کەرتی دامەزراندنە لە وڵاتدا، بە توندی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوای لەسەر بووە. ئەو زەویانەی سەردەمانێک بەپیت بوون بەهۆی وشکەساڵی و بیابانبوون زیاتر وشک بوون. وشکەساڵییەکە بە تایبەتی لەسەر دوو سەرچاوەی سەرەکی ئاودێری توند بووە: باران، کە ٣٦٪ی هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ ئاودێری پشتی پێدەبەستن. وە دوو ڕووباری سەرەکی وڵاتەکە، دیجلە و فورات، کە ٦٤٪ی زەوییە کشتوکاڵییەکان پشتیان پێدەبەستن.[٧] بەهۆی کەمبوونەوەی ئاو بۆ ئاودێری، بەرهەمی بەروبوومەکان دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بووەتە هۆی لەدەستدانی داهات بۆ ئەو کەسانەی کە وابەستەی ئەو کەرتەن بۆ بژێوی ئابووریان. یەکێک لە خەمڵاندنەکان باس لەوە دەکەن کە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی گەنم، کە بەرهەمێکی سەرەکییە بۆ جووتیارانی پارێزگای نەینەوا، زیانێکی نزیکەی ٧٠٪ دەبێت بەهۆی وشکەساڵی بەردەوامەوە.[٨] جگە لە بەرهەمهێنانی بەروبووم، بەخێوکردنی ئاژەڵ کە چالاکیەکی تری سەرەکییە لە کەرتی کشتوکاڵدا، کاریگەری نەرێنی لەسەر بووە، ٤٠٪ی ئەو ماڵانەی کە ئاژەڵداری دەکەن بەهۆی قەیرانی کەشوهەوا ئاژەڵەکانیان لەدەستداوە.[٩]

---

٤ بانکی جیهانی: وڵات، کەشوهەوا، ڕاپۆرتی گەشەپێدان: عێراق. ٢٠٢٢.

٥ نەتەوە یەکگرتووەکان عێراق: گۆڤاری ڕووداوەکان. کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ژینگە لە شوێنەکانی ئاوارەکان و گەڕاوەکاندا - هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکگرتوو VII، ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢. بەستەر: : https://iraq.un.org/en/٢٠٢٦٦٣--factsheet-impact-climate-change-environment-idp-and-returnee-locations-integrated-location; UNEP: GEO ٦-دەرازای ٢٠١٩ لینک: https://www.unep.org/resources/global-environment-outlook-٦

٦ ئەی پی: سەرۆکوەزیرانی عێراق بەڵێنی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوای داوە، ١٢ی ئازاری ٢٠٢٣. https://apnews.com/article/iraq-basra-climate-change-a110e41a9f1c70b61ab5fa363992a624#:~:text=BAGHDAD%20(AP)%20%E2%80%94%20Iraq›s%2prime,electricity%20demands%20using%20renewable%20energy.

٧ ڤۆن لۆسۆ، تۆبیاس: زیاد لە ژێرخانەکان: ئاڵەنگاریەکانی ئاو لە عێراقدا. کورتەنامەی سیاسەتی کلینجێندێل. پەیمانگای کلینجێندێل، ٢٠١٨.

٨ NRC: قەیرانی ئاو و وشکەساڵی هەڕەشە لە زیاتر لە ١٢ ملیۆن کەس لە سوریا و عێراق دەکات. ئابی ٢٠٢١. لینک: https://www.nrc.no/news/2021/august/water-crisis-iraq-syria.

٩ NRC: لە هەر دوو خێزانێک لە عێراق کە بەهۆی وشکەساڵییەوە زیانیان بەرکەوتووە، یەکێکیان پێویستی بە هاوکاری خۆراک هەیە. کانوونی دووەمی ٢٠٢١. بەستەر: https://www.nrc.no/news/٢٠٢١/december/one-in-two-families-in-drought-affected-iraq-need-food-assistance.

لە کەرتەکانی تردا جگە لە کشتوکاڵ، دەتوانرێت کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا ڕاستەوخۆ لەسەر بەردەستبوونی ئاو بە گشتی ببینرێت. بەبێ بارانبارینی پێویست، کە یارمەتی پڕکردنەوەی بیرە ژێرزەمینییەکان و پڕکردنەوەی تانکی و کۆگاکانی هەڵگرتنی ئاوی تایبەت و گشتی دا، خەڵکی زیاتر و زیاتر ڕوویان لە تۆڕی ڕووبارەکانی وڵات کردووە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاو. بەڵام لێشاو و ئاستی ئەم تۆڕە بەهۆی وشکەساڵی و سیاسەتی خراپی بەڕێوەبردنی ئاو لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق و دروستکردنی بەنداو لە ئێران و تورکیا کە ڕووبارەکانی عێراق سەرچاوەیان لێی هەیە، بەرەو بچووکبوونەوە دەچێت.[10] ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕژانی ئاو بۆ ناو تۆڕی ڕووبارەکان بە ڕێژەی ٣٠٪ لە ساڵی ١٩٨٠ەوە و بووەتە هۆی کەلێنی نێوان دابینکردنی ئاو و داواکاری نزیکەی ٥ ملیار مەتر سێجا، شتێک کە پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٣٥ بۆ ١١ ملیار مەتر سێجا بەرزبێتەوە.[11] جگە لە کورتهێنان وئاستەنگەکان، کوالیتی ئاویش کاریگەری توندی لەسەرە.سوێری ئاوەکە و پیسبوونی ، ڕێژەی ئاوی خواردنەوەی کەمکردووەتەوە، شتێک کە تەندروستی هاووڵاتیان دەخاتە مەترسییەوە بەڵام زیاتر کەرتی کشتوکاڵ و توانای ئاودێریکردنی بەروبوومەکان تێکدەدات. ئەم پرسانەی ئاو کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئاسایشی خۆراک و بژێوی ژیان هەبووە.

بەرهەمی بەروبووم کەمی کردووە، وەک ئاماژەمان پێدا، ئەمەش بە واتای لەدەستدانی داهات بۆ ئەو کەسانەی پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن و بە گشتی نرخی بەرزبوونەوەی بەروبوومی سەرەکی و گۆشت و پەلەوەر لە سەرتاسەری وڵاتدا[12].

بۆیە سەیر نییە کە گرژی و ململانێکان بە هۆی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی و بیابانبوون زیادی کردووە. لەوانە گرژی و ململانێی نێوان جووتیاران و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەت لەسەر پرسەکانی دەستڕاگەیشتن بە ئاو و بەشەخۆراک؛ لە نێوان دەسەڵاتدارانی پارێزگاکان و کۆمەڵگاکان لەسەر بەڕێوەبردنی ئاو، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی خوارەوە و کۆمەڵگاکان کە دەسەڵاتدارانی سەرەوە تۆمەتبار دەکەن به پشتگوێخستنی سنووردارکردنی بەکارهێنانی ئاو یان بە بێدەنگی قبوڵکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئاوی نایاسایی و لادانی ڕێڕەوی ڕووبارەکان بەهۆی فشار و ڕەچاوکردنی سیاسییەوە؛[13] لە نێوان خاوەن زەوی و خاوەن ئاژەڵەکان لەسەر شێوازی لەوەڕاندنی نایاسایی؛ و لە نێوان جووتیاران و شوانکاران و خاوەن ئاژەڵەکان کە ناچارن کۆچ بکەن بۆ ناوچە شارییەکان بەدوای هەلی کاری نوێ و دانیشتوانی ئێستا بە کێبڕکێ لەسەر هەلی کار و خزمەتگوزارییە گشتیەکان و سەرچاوە کەمەکان[14].

١٠ هۆڵ، ناتاشا و هارپەر، کالێب: ناوخۆیی بۆ جیهانی: خولی گرژییەکان لە ڕێگەی ڕێڕەوی ئاوی عێراقەوە. لە: CSIS. ١٢ی ئایاری ٢٠٢٣. بەستەر: https://www.csis.org/analysis/local-global-tensions-course-through-iraqs-waterways.

١١ ئادێلفی: پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، ٢٠٢٢. بەستەر: https://adelphi.de/en/publications/climate-risk-profile-iraq؛ بانکی جیهانی: وڵات، کەشوهەوا، ڕاپۆرتی گەشەپێدان: عێراق، ٢٠٢٢.

١٢ NRC: لە هەر دوو خێزانێک لە عێراق کە بەهۆی وشکەساڵییەوە زیانیان بەرکەوتووە، یەکێکیان پێویستی بە هاوکاری خۆراک هەیە. کانوونی دووەمی ٢٠٢١. لینک: https://www.nrc.no/news/2021/december/one-in-two-families-in-drought-affected-iraq-need-food-assistance.

١٣ ئادێلفی: پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، 2022. بەستەر: https://adelphi.de/en/publications/climate-risk-profile-iraq

١٤ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: کۆچ و ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق، ٢٠٢٢. لینکی: https://environmentalmigration.iom.int/sites/g/files/tmzbdl1411/files/documents/Migration%2C%20Environment%20and%20Climate%20Change%20in%20Iraq.pdf.


پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر وڵات خراپتر بێت. توێژینەوەکانی ئەم دواییە دەریانخستووە کە پێشبینی دەکرێت پلەکانی گەرما لە نێوان ١,٥ بۆ ٢,٤ پلەی سەدی تا ساڵی ٢٠٣٠ و ١,٩ بۆ ٣,٢ پلەی سەدی تا ساڵی ٢٠٥٠ بەرزببنەوە، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما دەبێتە هۆکارێکی زیادبوونی ڕێژەی مردن بەهۆی گەرماوە لە سەرتاسەری وڵات و زیادبوونی زریانی خۆڵ و تۆز.[15] سەرەڕای ئەوەش، پێشبینی دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا بەردەستبوونی ئاوی سەرتاسەری بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت. لەگەڵ کەمبوونەوەی ٢٢٪ی ئاوی بارانبارین بۆ پارێزگاکانی باشوور،[16] پێشبینی دەکرێت بارودۆخی وشکەساڵیش بەردەوام بێت و زیاد بکات، هەروەها پێشبینی دەکرێت ئاستی دەریاکان بەرزبێتەوە، ئەمەش مەترسی لەسەر ناوچە سەرەکییەکانی پارێزگای بەسرە دەبێت تا ساڵی ٢٠٥٠.[17]

---


١٥ ئادێلفی: پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، ٢٠٢٢. بەستەر: https://adelphi.de/en/publications/climate-risk-profile-iraq.

١٦ بانکی جیهانی: داشبۆردەکەی عێراق: داهاتووی کەشوهەوا. لینک: https://climateknowledgeportal.worldbank.org/country/iraq.

١٧ ئادێلفی: پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، ٢٠٢٢. بەستەر: https://adelphi.de/en/publications/climate-risk-profile-iraq.




وەسفکردنی نەخشەی یەکەم: تێکڕای پێشبینی بارانبارینی ساڵانە لە عێراق بۆ سیناریۆ جیاوازەکانی دەردانی گازی گەرمخانەیی، بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٠ (گۆڕانکارییە ناوچەییەکان)[١٨].




وەسفکردنی نەخشەی دووەم: دوو پێشبینی پلەی گەرمی هەوا لە عێراق بۆ سیناریۆ جیاوازەکانی دەردانی گازی گەرمخانەیی (گۆڕانکاری ناوچەیی).[١٩]

---

١٨ ئادێلفی: پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، ٢٠٢٢. بەستەر: https://adelphi.de/en/publications/climate-risk-profile-iraq
ئەو نەخشە و هێڵکاریانەی لەم بەشەدا هاتووە، تێڕوانینێکی گشتی لە پارامێتەرەکانی گۆڕانی کەشوهەوای پێشبینیکراو و کاریگەرییە کەرتییە پەیوەندیدارەکان لە عێراق تا ساڵی ٢٠٨٠ لە ژێر دوو سیناریۆی جیاوازی گۆڕانی کەشوهەوا (RCPs) دەدەن: RCP٢،٦ سیناریۆیەکی کەم دەردانی گازی ژەهراوی بە ئامانجی هێشتنەوەی گەرمبوونی جیهان لە خوار ٢ پلەی سەدی لە سەرووی پلەکانی گەرمی پێش پیشەسازییەوە، و RCP٦،٠ نوێنەرایەتی سیناریۆیەکی مامناوەند بۆ بەرزی دەردانی گازی ژەهراوی دەکات.

١٩ ئادێلفی: پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، ٢٠٢٢. بەستەر: https://adelphi.de/en/publications/climate-risk-profile-iraq.

## وەڵامی حکومەت

وەڵامی حکومەتی عێراق بۆ گۆڕانی کەشوهەوا تێکەڵ بووە. لە لایەکەوە حکومەت ستراتیژی سەرەکی بەرهەمهێناوە یان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانیدایە کە ئامانجیان کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر کەرتە جیاوازەکانە. ئەمانە پلانێکی نیشتمانی بێ کاربۆنکردنیان لەخۆگرتووە کە ئامانج لێی بێکاربۆنکردنی ئابووری وڵاتەکەیە کە زۆر پشتی بە کەرتی نەوت و گاز بەستووە. هەروەها حکومەت ستراتیژییەکی سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوەبردنی زەوی داڕشتووە بە ناوی (ستراتیژی بۆ زەوی و سەرچاوەکانی ئاوی عێراق) کە هەوڵدەدات، لەنێو شتەکانی تردا، بۆ نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئاودێری وڵات و هاندانی باشتر بەکارهێنانی ئاو و زەوی و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی. جگە لەوەش، وەڵامەکانی حکومەت بریتین لە پلانی نیشتمانی گونجاندن (NAP) کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، کە بە هاوکاری لەگەڵ بەرنامەی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی پێدەدرێت، و گرنگی بە بەرزکردنەوەی توانای لایەنە حکومییەکان دەدات بۆ وەڵامدانەوەی مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە دەبێت لە پێشینەی کارەکانیان دابنرێت لە ڕووی کۆکردنەوەی سەرچاوەکانەوە، و هۆشیارکردنەوەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بەشدارن لە ستراتیژییەکەدا[20].

هەروەها دوو دامەزراوەی سەرەکی لە ڕێگەی ) بەرنامەی نیشتمانی چالاکییەوە( NAP دروستکران بۆ یارمەتیدان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی کەشوهەوا: لیژنەی نیشتمانی هەمیشەیی گۆڕانی کەشوهەوا و سەنتەری نیشتمانی گۆڕانی کەشوهەوا. NAP تەواوکەری پەرەپێدانی ستراتیژییەکی زیاتری تەرکیزکراوی ئۆپەراسیۆنە، کە پێی دەوترێت وەرەقەی سەوز. ئەم ستراتیژە لە ئێستادا لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کاری لەسەر دەکرێت کە لەلایەن حکومەتەوە دامەزراوە و ئامانجی دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی ئەو کردار و پرۆژانەیە کە دەتوانن کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کەم بکەنەوە و یارمەتیدەر بن لە گواستنەوەی وڵات بۆ کەمکردنەوەی دەردانی گازی ژەهراوی بۆ ڕێژەی سفر.[21] هەرچەندە ستراتیژەکە تەواو ئامادە نەکراوە, بەڵام بەشێکی لە وتارە گشتییەکانی ئەم دواییەی دەزگاکانی حکومەتدا تیشکیان خستۆتە سەر، وەک دەستپێشخەرییەکی گەورەی دارستانکردنەوە کە هەوڵدەدات پێنج ملیۆن نەمام لە سەرتاسەری وڵاتدا بچێنێت[22].

وەزارەتە سەرەکییەکانیش هەوڵیان داوە کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئاو و کشتوکاڵ کەم بکەنەوە. هەروەها وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان کە بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی ئاو لە وڵاتدا، بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنەوە هاتۆتە ناوەوە کە ئامانجیان یارمەتیدانی کەمکردنەوەی کەمی ئاوە کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە دروست دەبێت. یەکەم: پشتگیری لە هەڵکەندنی زیاتر لە ٥٠٠ بیر لە سەرانسەری وڵاتدا کرد بۆ ئەوەی بۆ ئاودێریکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و دەستراگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە بۆ خێزانەکان بەکاربهێنرێن.[23] لە هەمان کاتدا وەزارەت هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی هەڵکەندنی بیرە نایاساییەکانی

٢٠ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر NAP، سەیری سندوقی سەوزی کەشوهەوا بکە: پشتگیری پلاندانانی گونجاندن بۆ عێراق لە ڕێگەی UNEP، 2019. لینکی: .https://www.greenclimate.fund/document/adaptation-planning-support-iraq-through-unep

٢١ هەواڵی نیشتمانی: عێراق پلانەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و چارەسەرکردنی کێشەکانی دابینکردنی ئاو دادەڕێژێت، ٠٧ی ئازاری ٢٠٢٢. لینکی: ./https://www.thenationalnews.com/mena/iraq/2022/03/07/iraq-lays-out-plans-to-tackle-climate-change-and-address-water-supply-problems

٢٢ ئەی پی: سەرۆکوەزیرانی عێراق بەڵێنی بەڵێنی داوە بە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوای پەککەوتە، ١٢ی ئازاری ٢٠٢٣. https://apnews.com/article/iraq-basra-climate-change-a110e41a9f1c70b61ab5fa363992a624#:~:text=BAGHDAD%20(AP)%20%E2%80%94%20 .Iraq's%20prime,electricity%20demands%20using%20renewable%20energy

٢٣ نەتەوە یەکگرتووەکان: ڕێککەوتنێکی نوێی نێوان وەزارەتی سامانە ئاوییەکان و ڕێکخراوی FAO ئامرازی داهێنەرانە بۆ چاودێریکردنی بەرهەمهێنانی ئاو لە عێراق دەناسێنێت، 11ی ئابی 2022. لینکی: .https://iraq.un.org/en/194385-new-agreement-between-ministry-water-resources-and-fao-introduces-innovative-tools-monitor

داوە، کە ئاستی ئاوی ژێر زەوی کەمکردووەتەوە و گرژی لەنێوان پێکهاتە ناوخۆییەکان دروستکردووە، ، و بووەتە هۆی تێکچوونی ژینگەی گشتی.[٢٤] هەروەها وەزارەتەکە سنوور و سنووردارکردنی نوێی بۆ ڕۆیشتنی ئاوی ڕووبارەکان داناوە لە هەوڵێکدا بۆ ڕاگرتنی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی. لە کۆتاییدا وەزارەتەکە لە نێوان شتەکانی تردا بە پڕۆژەیەک کە ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO) پاڵپشتی دەکات بەرەو پێشەوە چوو کە ئامانجی زیادکردنی توانای وەزارەت و دەسەڵاتە لاوەکیەکانە بۆ چاودێریکردن و باشترکردنی بەرهەمهێنانی ئاو و زەوی لە کشتوکاڵدا[٢٥].

هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ هەوڵی سنووردارکردنی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن جووتیارانەوە داوە، کە کەوتووەتە چوارچێوەی ئەرکی خۆیەوە، هەروەها ئەو ڕووبەرانەی کە ساڵانە دەچێنرێن لە ساڵی ٢٠٢٢ بەهۆی کەمی ئاوەوە بۆ نیوە کەمکردبووەوە.[٢٦] لە هەمانکات هانی جووتیارانی داوە کە شێوازی ئاودێری هاوچەرخ بگرنەبەر بۆ سنووردارکردنی بەفیڕۆدانی ئاو، هەوڵێک کە پلەی جیاوازی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە بەهۆی ئەوەی زۆرێک لە ناوچەکان دەستیان بە ژێرخانی ئاودێری ناگات بە هۆی کەمی ڕێژەی بارین ،هەروەها تێچووی زۆر پەیوەست بە جێبەجێکردنی تەکنیکە نوێیەکانی ئاودێری.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەم هەوڵانە بەهۆی کێشە داراییەکان و لاوازی دامەزراوەکان و کردارەکانی حوکمڕانی ناکاریگەر کە بەهۆی چەندین ساڵ ناکۆکی و گەندەڵی ئیداری و خراپی پرۆسەی پلاندانان و بودجە کەلێنی زانیاری بەڕێوەبردن سەریهەڵداوە ، تێکچووە.[٢٧] هەروەها بەهۆی ململانێ و ئاڵۆزییەکان لەسەر ئاستی دەسەڵاتی فیدراڵی/ هەرێمی لاواز بووە. بۆ نمونە ئەو ڕێنماییانەی بەکارهێنانی ئاو کە لەلایەن وەزارەتی سامانەکانی ئاوەوە دەرچووە، لەلایەن بەشێک لە پارێزگارەکان و دە سە ڵاتدارانی تری خۆجێی پشتگوێ خراون کە ئامادە نین پابە ند بن بەو ڕێنماییە نوێیانەی کە لە لایەن وە زارە تە کەوە بەسەریان دا سە پێنراوە .

سەرەڕای ئاستەنگە زۆرەکانی بەردەم عێراق، حکومەتی محەمەد ئەلسودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوای کردووەتە ئەولەویەتی سەرەکی سیاسەت. ئەمەش لە کۆنفرانسی دوو ڕۆژەی ئەم دواییەی بەسرە دەرکەوت کە لە ١١-١٢ی ئازاری ٢٠٢٣ بەڕێوەچوو، لە کۆنفرانسەکەدا حکومەت پلانەکانی بۆ وەبەرهێنان لە وزەی نوێبووەوە و هاوچەرخکردنی تەکنیکەکانی ئاودێری و کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆن ڕاگەیاند. هەروەها حکومەت بەنیازە کۆنفرانسێکی ناوچەیی بە ئامانجی گەیشتن بە هاوکاری ناوچەیی سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا ئەنجام بدات.

---

٢٤ کەناڵی فەرەنسا ٢٤: سەبارەت بە عێراقێک کە هەڕەشەی کەمی ئاوی لەسەرە، پشتبڕکێیەك بەرەو وشکبوونی بیرەکانی. ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢. بەستەر: .https://www.france24.com/en/live-news/20221030-for-water-stressed-iraq-wells-threaten-race-to-the-bottom

٢٥ نەتەوە یەکگرتووەکان عێراق: ڕێککەوتنێکی نوێی نێوان وەزارەتی سامانە ئاوییەکان و ڕێکخراوی FAO ئامرازی داهێنەرانە بۆ چاودێریکردنی بەرهەمهێنانی ئاو لە عێراق دەناسێنێت، 11ی ئابی ٢٠٢٢. لینکی: .https://iraq.un.org/en/194385-new-agreement-between-ministry-water-resources-and-fao-introduces-innovative-tools-monitor

٢٦ سکێڵتۆن، ماک: کێبڕکێ لەسەر دیجلە: سیاسەتی حوکمڕانی ئاو لە عێراق. IRIS، ٢٠١٨؛ و: NRC: قەیرانی ئاو و وشکەساڵی هەڕەشە لە زیاتر لە ١٢ ملیۆن کەس دەکات لە سوریا و عێراق. ئابی ٢٠٢١.لینک: .https://www.nrc.no/news/2021/august/water-crisis-iraq-syria

٢٧ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم سنووردارکردنانە، سەیری بانکی نێودەوڵەتی بکەن وڵات: کەشوهەوا، ڕاپۆرتی گەشەپێدان: عێراق. ٢٠٢٢.

# ڕێڕەوەکانی دەرەنجامی قەزاکان

## خاڵە هاوبەشەکان

**ئەو سێ قەزایەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، تاڕادەیەکی زۆر هەمان ڕێڕەوی کەشوهەوا ئەزموون دەکەن ، کە هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.** سامانە سروشتییەکان، نائەمنی بژێوی ژیان، و ڕێڕەوی لاوازی حوکمڕانی هەموویان بە پلەی جیاواز لە قەزاکانی مەخموور، ئەلریفای و تەلعەفەر بوونیان هەیە. ئەم ڕێگایانە و داینامیکیەکانیان لە هەریەک لە قەزاکاندا بەیەکەوە گرێدراون. زەوییە کشتوکاڵییەکان لەوانەش ئەو زەویانەی کە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ بەکاردەهێنرێن، بەهۆی وشکەساڵی و کەمی ئاو لە هەر سێ قەزاکەدا کەمتر بەپیت و کەمتر بەرهەم هێنراون. ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی گرژییەکانی وەک کێبڕکێ، کە بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێ لەسەر ئاو و تا ڕادەیەکی کەمتر لەسەر زەوی (سەرچاوە سروشتییەکان). بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ یارمەتیدانی بەردەوامبوونی کەرتی کشتوکاڵی بەرهەمدار، ئەوانەی پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن بۆ بژێوی ژیانیان لە مەخمور و ئەلریفای و تەلعەفەر وازیان لە پیشەکانیان هێناوە و بەدوای دەرفەتی ئابووری نوێدا دەگەڕێن لە شوێنەکانی دیکە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە شارییەکان (بژێوی ژیان). لە ئەنجامدا گرژی لە نێوان کۆچبەرە ئابوورییە نوێیەکان و دانیشتوانی ئێستا لەسەر هەلی کار و سەرچاوەکان دەرکەوتووە و هەندێک لە تاکەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەلریفای، دەوترێت کە بە شێوەیەکی نایاسایی لە ڕێگەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە هەوڵیانداوە پێداویستییە داراییەکانیان دابین بکەن. هەروەها کەمی بەرهەمی کشتوکاڵی، لەگەڵ گۆڕاوە دەستێوەردانەکانی دیکە، وەک دابەزینی بەهای دراو، وایکردووە هەندێک لە خۆراکە سەرەکییەکان و کاڵاکانی دیکە بۆ زۆرێک لە دانیشتوانی ئەو قەزایانە دابین نەکرێت (بژێوی ژیان و نائاسایشی خۆراک).

ڕێڕەو و داینامیکی سەرچاوە سروشتییەکان، بژێوی ژیان و نائاسایشی خۆراک بەهۆی سنووردارکردنی توانا و سەرچاوەکان لە نێوان دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوچەی و نیشتمانی (حوکمڕانی لاواز) خراپتر بووە کە تاڕادەیەکی زۆر نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی کاریگەر مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بکەن. لەلایەکی دیکەوە متمانەی گشتی بە دامەزراوەکانی حوکمڕانی کەم بووەوە و گرژی لە نێوان کۆمەڵگاکان و دەسەڵاتدارانی حکومیدا سەریهەڵدا، ئەمەش بۆشایی نێوان ئەو دووانە زیاتر کردووە (حوکمڕانی لاواز). ئەم داینامیکی و دەرئەنجامانە لە قەزاکانی تەلعەفەر و مەخمور خراپتر دەبن بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچانە ناوچەی جێناکۆکن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. (بەتەواوی لە حاڵەتی مەخموردا، و بەشێکیش لە ناحیەی تەلعەفەرو زومار). بۆیە ڕێکخستنی حکومی دوولایەنە و ناڕوون هەیە، شتێک کە نەک هەر سەرلێشێواوی و بێزاری لەنێو دانیشتوواندا بەرهەم دەهێنێت بەڵکو دەرئەنجامی حوکمڕانی ناکاریگەریشی لێدەکەوێتەوە. لە هەمان کاتدا، کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە ڕێگەی ئەو ڕێگایانەی کە لە سەرەوە باسکراون، ئاڵەنگاریەکانی ئاڵۆزتر کردووە و زیاتر دامەزراوەکانی حوکمڕانی کە لە ئێستاوە لاوازن لە هەر سێ قەزاکەدا گرژ کردووە. جگە لەوەش، کێبڕکێ و داینامیکی یەکتر لۆمەکردنیان لە نێوان دەسەڵاتداران لە ئاستە جیاوازەکاندا چڕتر کردووەتەوە ، لەوانەش قەزاکان و قایمقامیەتەکان و ئاستی نیشتمانی.

**هۆکارەکانی ئێستای گرژی و ململانێ گەورەتر بوون و کۆمەڵێک پاڵنەری نوێی دەستبەجێ بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا سەریان هەڵداوە.** لە هەر سێ قەزاکەدا، بزوێنەری هەنووکەیی گرژی و ململانێ وەک دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە نایەکسانەکان، پەراوێزخستنی سیاسی و پشتگوێخستن، و حوکمڕانی لاواز بەهۆی

گۆڕانی کەشوهەوا خراپتر بوون. بۆ نموونە لە قەزای ئەلریفای، قەیرانی کەشوهەوا جیاوازییەکانی پێشووی لە دابینکردنی ئاودا چڕتر کردووەتەوە، ئەمەش زیاتر بووەتە هۆی ئەوەی کە ناڕەزایەتییە درێژخایەنەکان سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان زیاتر بێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەردوو سەرچاوەی کۆن و نوێی گرژی سەرهەڵبدەن، لەوانە ململانێ لەسەر ئاو و زەوی و بژێوی ئابووری. بەهەمان شێوە لە مەخمور بەهۆی وشکەساڵی جووتیاران کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە سنووردارەکان زیاتر دەبن و لە ئەنجامدا گرژی لە نێوان ئەوان و دەسەڵاتدارانی حکومەتدا دروست دەبێت. لە تەلعەفەر وشکەساڵی بووەتە هۆی ناکۆکی لە نێوان مەڕدارەکاندا لەسەر کەمی لەوەڕگە و توندوتیژی نێوان کۆمەڵگاکان دروست بووە.

ئەم نموونانە گرنگی هاوکاری لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکاندا دەردەخەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر چارەسەری ئەم ئاستەنگانە بکەن. دەسەڵاتە ناوخۆییەکان دەبێت پێکەوە لەگەڵ جووتیاران، هۆزەکان و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا کاربکەن بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بەردەوامی بەڕێوەبردنی سەرچاوە و هاوبەشکردنی دادپەروەرانە. بەم کارە دەتوانن دڵنیابن لەوەی کە پێداویستییەکانی هەموو تاک و گروپەکان دابین دەکرێن و ئەگەری ململانێ کەم دەکەنەوە و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبەن. دانان بە بەهای کردەوەی بەکۆمەڵ لە چارەسەرکردنی ئەو پرسە ئاڵۆزانەی کە لە گۆڕانی کەشوهەوا سەرهەڵدەدەن، زۆر گرنگە.

**چەندین لایەنی سەرەکی لە قەزاکاندا وەک گرنگ دەستنیشانکراون بۆ هێورکردنەوەی ئەو گرژیانەی کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا دروست دەبن و توندتر دەبنەوە.** لەوانە سەرکردەی عەشیرەت و ئایینییەکان، دەسەڵاتدارانی حکومی- ناوخۆیی، ناوچەیی و نیشتمانی -بەرپرسە ئەمنییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە نیشتمانییەکان، و میکانیزمەکانی ئاشتی ناوخۆیی لە شێوەی ئەنجوومەنی خێڵەکی (مەخموور)، گروپەکانی کاری ناحیەکان (تەلعەفەر و مەخمور)، و لیژنەیەکی ئاشتی ناوخۆیی (زومار). بەڵام بەربەستێکی سەرەکی لەو قەزایانەی کە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت دەستنیشان کراوە. هەرچەندە هەندێک لە لایەنە سەرەکییەکان بەهۆی هەوڵەکانیانەوە ستایش دەکرێن، بەڵام هەستێک هەیە کە دەسەڵاتدارانی حکومەت و پرۆسەکانی بڕیاردان بەگشتی بەهۆی سنووردارکردنی سەرچاوە و تواناکانەوە بێکاریگەرن.

**هۆکارەکانی مەترسی کەشوهەوا ناهاوسەنگییەکانی دەسەڵاتی ئێستا خراپتر دەکەن و بە تایبەتی کاریگەرییان لەسەر ژنان هەیە.** پێدەچێت کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراقدا بە شێوەیەکی ناڕێژەیی کاریگەری لەسەر ژنان و دانیشتوانە بێدەسەڵاتەکانی دیکە هەبێت. زۆرجار ژنان بەرپرسیارن لە دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی ماڵەوە، لەوانەش خۆراک و ئاو، هەر بۆیە زیاتر کاریگەری بەرزبوونەوەی نرخ و نائاساییشی خۆراکیان لەسەرە. بۆ نموونە لە قەزای ئەلریفای ژنان باسیان لە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا سەرەکییەکانی وەک خۆراک و کەرەستە کردووە. سەرەڕای ئەوەش، ژنان ڕووبەڕووی مەترسی ئەمنی دەبنەوە بەهۆی نەبوونی بڕگەی ئەمنی و ڕێوشوێنی خۆپارێزی گونجاو، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە کۆچ و ئاوارەبوون بەهۆی کەشوهەوا ڕوویداوە. جگە لەوەش، بەهۆی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ژنان کەمتر دەستیان بە زانیاری و سەرچاوەکانی پەیوەست بە خۆڕاگری کەشوهەوا و هەوڵەکانی گونجاندن دەگات، ئەمەش هەوڵەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی جێگرەوە و توانای بەشداریکردنیان بە تەواوی لە پرۆسەکانی بڕیاردان سنووردار دەکات. بەڵام نموونەی ئەوەش هەیە کە ژنان چالاکانە بەشداری لە دۆزینەوەی چارەسەرەکان دەکەن بۆ پێشخستنی خۆڕاگری کەشوهەوای هەستیار بە ململانێ و چارەسەری بنەمادار بە گفتوگۆ بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. بۆ نموونە لە هەندێک کۆمەڵگادا ژنان ڕۆڵی سەرکردایەتیان لە ڕێکخستن

و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆڕاگری کەشوهەوا گرتۆتە ئەستۆ، وەک کۆکردنەوەی ئاوی باران و دەستپێشخەرییەکانی پاراستنی خاک. ئەم هەوڵانە نەک تەنها ژیانی ژنان و خێزانەکانیان باشتر دەکەن بەڵکو بەشدارن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئارامتر و گشتگیرتر.

ئەم دۆزینەوانە لە بەشەکانی خوارەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

## دەرەنجامەکانی قەزاکە

### قەزای مەخمور

باگگراوندی(پاشخانی) قەزاکە

قەزای مەخمور نزیکەی ٧٠ کم لە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێرەوە دوورەو دەکەوێتە سنووری پارێزگای هەولێر و بە دوو قایمقامیەتی دیکەی نەینەوا و کەرکوک دەورە دراوە. لە پێنج قەزای لاوەکی پێکدێت، ناوەندی مەخمور، دیبەگە، گوێر، مەلا قەرە و قەراج. ژمارەی دانیشتووانی قەزاکە لە ٢٠٠ هەزار کەسەوە نزیکە و زۆرینەیان لە پێکهاتەی کوردن. دانیشتوانی عەرەبی سوننە بەشێکی کەم لە قەزاکە پێکدەهێنن و تاڕادەیەکی زۆر لە بەشێکی بچوکی قەرەج چڕبوونەتەوە. ناسنامەی خێڵەکی تایبەتمەندییەکی بەرچاوی داینامیکی کۆمەڵایەتییە. هۆزە گەورەکانی عەرەب کە زۆربەیان لە قەراج نیشتەجێن، بریتین لە جابور، لاهیب، ئەلتای، ئەلحەمدانی، سەدا نەعیم و سەباوی. هۆزە کوردەکان بریتین لە بەندییان، لەک ، سوریجە، ئۆمربێل، باگلان و دزەیی. ئابووری زاڵی قەزاکە لە کشتوکاڵەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە تایبەتمەندە بە چاندنی گەنم و جۆ و لەوەڕاندنی ئاژەڵ، بەتایبەتی بەخێوکردنی مەڕ و پەلەوەر و ئاژەڵ. قەزاکە بە پلەی یەکەم پشت بە ئاوی باران دەبەستێت بۆ ئاودێری کشتوکاڵی و بەکارهێنانی تایبەتی ئاو (لە ڕێگەی بیرەکانەوە). هەروەها مەخمور دوو کێڵگەی سەرەکی نەوتی هەیە بە ناوەکانی ئاڤانا و بای حەسەن کە هەردووکیان هاوسنوورن لەگەڵ پارێزگای کەرکوک.

بەهۆی هەمەجۆرەی دانیشتوانەکەی و هەڵکەوتەی ستراتیژی لەسەر هێڵی دابەشکردنی عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان و یەدەگی نەوت، کۆنترۆڵکردنی قەزاکە بە فەرمی ناکۆکی لەسەرە لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان. وەکو ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە ، ئایندەی قەزاکە هێشتا چارەسەر نەکراوە، بەمەش قەزاکە دابەشکراوە لە نێوان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ، بەجۆرێک کە بەشەکانی باشوور و ڕۆژئاوای قەزاکە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە (واتە هەموو قەرەج و زۆربەی ناوەندی مەخمور) و نیوەی باکوور لە ژێر چاودێری حکومەتی هەرێمدایە (واتە زۆربەی گوێر و دیبەگە و مەلا قەرە).

داینامیکی ململانێ

قەزاکە لە جێناکۆکەکان هەژمار دەکرێت و ئەمەش کاریگەری بەرچاوی لەسەر داینامیکی ململانێکان هەبووە. لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی بەعسیدا، سیاسەتی تایبەت جێبەجێ کرا بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافی قەزاکە، لە ئەنجامدا ئاوارەبوونی پێکهاتەکانی نیشتەجێی قەرەج، گوێر، دیبەگە، و ناوەندی مەخموور بوو. دوابەدوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەو بنەماڵانەی کە بەهۆی سیاسەتە جێبەجێکراوەکانی پێشووەوە گواسترابوونەوە، ڕۆیشتن، ئەمەش ڕێگەی بە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم پێکهاتانەی سەرەوە دا کە بگەڕێنەوە و مافی خاوەندارێتی خۆیان دووپات بکەنەوە.

لە قۆناغی دوای ساڵی ٢٠٠٣ قەزاکە وردە وردە کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وبە دیاریکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان. دەسەڵاتی

حکومەتـی هەرێـم لـە کاتـی هەڵمەتـی دژی داعشـدا پێگـەی بەهێزتـر بـوو، هەرچەنـدە ئـەم سـەرکەوتنە کاتـی بـوو. دوای ئـەوەی حکومەتـی هەرێـم لـە ساڵی ٢٠١٧دا بـۆ هەوڵـی بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی، بەشـێکی بەرچـاوی قەزاکـە هێنرایـەوە ژێـر کۆنتڕۆڵـی سـوپای عێـراق. لـە ئێسـتادا قەزاکـە بـە دابەشـکراوی نێـوان هــەردوو ئیدارەکـەدا ماوەتـەوە. بەردەوامـی ململانێـکان بووەتـە هـۆی ئاوارەبوونـی دانیشـتووان، بـۆ نموونـە، خێزانـە کوردەکان لـە قەرەجـەوە ڕوویـان لـەو ناوچانـە کـردووە کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە[٢٨].

زۆربـەی چاوپێکەوتنـەکان بـاس لـە یەکگرتوویـی کۆمەڵایەتـی بەهێـز دەکـەن، بـەو پێیـەی گرژیەکانـی پێشـووی نێـوان عـەرەب و کـورد تەنهـا لـە نێـوان پێکهاتـەی کـورد و عەرەبـە گواسـتراوەکاندا هەبـووە، کـە زۆرینەیـان قەزاکەیـان بەجێهێشـتووە.[٢٩] ئـەوەی کـە گرژییـەکان لـە نێـوان ئـەو دوو پێکهاتـەدا هـەن، تـا ڕادەیەکـی زۆر خراونەتـە ئەسـتۆی لایەنـە حکومیـەکان چونکـە وەک وروژێنـەری دابەشـکارییە نەتەوەیی-ئایینیـەکان سـەیر دەکرێـن بـۆ بەهێزکردنی ئیدیعـای خۆیـان بۆ قەزاکـە.[٣٠] هاوکات دانیشـتووانیش ڕایانگەیانـدووە، کـە هەندێـک لـە کێشـەکانی ناکۆکـی زەوی لـە سـەردەمی تەعریبکردنـەوە ماونەتـەوە و گرژییـەکان لـە نێوان جووتیـاران و هەندێک لـە دەزگا ئەمنییـەکان بەردەوامـە بەهـۆی ڕێوشـوێنەکانی ئـەم دووەمیـان کـە ڕێگـری لـە گواسـتنەوەی بەروبومـەکان دەکـەن بـۆ ناوچـە کۆنتڕۆڵکراوەکانـی حکومەتـی عێـراق.[٣١]

ئەمـەش بـەو مانایەیـە کـە جووتیـاران ناتوانـن بەروبومەکانیـان لـە بـازاڕە سـەرەکییەکانی وەك موسـڵ بفرۆشـن. هەروەهـا هێـزە ئەمنییـەکان گرژییـان لەگـەڵ جووتیـاران توندتـر کـردوە بـەوەی ڕێگەنـەدان بـە چاندنـی گەنمەشـامی، کـە بەپێـی زانیارییـەکان شـانە نوسـتۆکانی داعـش دەتوانـن خۆیانـی تێـدا حەشـاردەن.[٣٢] هەروەهـا بەشـێک لـە دانیشـتووانی عـەرەب گلەیـی ئـەوە دەکـەن کە لەلایـەن هەندێـک دەسـتەی ئیداریـی پەیوەسـت بـە حکومەتـی هەرێمـەوە مامەڵـەی نادادپەروەرانەیـان لەگـەڵ دەکرێـت[٣٣].

هـاوکات دانیشـتووان گلەیی لە دۆخـی خزمەتگوزارییە گشـتییەکانی قەزاکـە دەکـەن، کـە لـە هـەردوو ناوچـەی حکوومەتـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان تەنهـا بـە پچڕپچڕ دابیـن دەکرێـن و بەهـۆی بوونی دوو ئیـداری خراپـتر دەبـن. لەڕاسـتیدا بوونـی دوو ئیدارەیـی ناڕەزایەتییەکـی سـەرەکی کۆمەڵگاکانـە چونکـە تەحـەدای حوکمڕانـی ناپێویسـت دروسـت دەکات. لەوانـە نەبوونـی هەماهەنگـی کـە لـە ئەنجامـدا ناکۆکـی لـە ئەولەویەتـەکان و بەکارهێنانی ناکارامـەی سـەرچاوەکان، بڕیـاری نـا تـەواو و دواکەوتـن لـە گرتنەبـەری هەنـگاوی پێویسـت، جەمسـەرگیری سیاسـی کـە دەبێتـە هـۆی حوکمڕانی ناکاریگـەر و هەروەهـا نەبوونـی شـەفافیەت و لێپرسـینەوە کـە دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی متمانـە، لەنێـو ئەوانـی تـردا. هەروەهـا ئەندامانـی پێکهاتـەی کـوردی ترسـیان لـەوە هەیـە کـە دەستبەسـەرداگرتنی زەوی لـە داهاتـوودا دیسـان وەک ئامرازێکـی سیاسـی بەکاربهێنرێتـەوە، بـە لەبەرچاوگرتنـی نەبوونـی ڕوونی لەسـەر دەسـەڵاتی دادوەری داهاتـووی قەزاکـە.[٣٤] هـە ڕوە هـا هـە ڕە شـە ی بۆردومانـی فڕۆکـە کانـی تورکیـا مایـە ی نیگـە ڕانییـە ، بـە و پێیـە ی ئـە ندامانی پـە کـە کـە بـە نیشـتە جێبوونیـان لـە زنجیـرە چیاکانـی نزیکـدا نـاسراون.[٣٥] لـە هەمانکاتـدا کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا گرژیـی نـوێ دروسـت دەکـەن،

٢٨ FGD، کۆمەڵگەی کورد، شوباتی ٢٠٢٣.

٢٩ IDI، کارمەندی کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣.

٣٠ FGDs ، ژنان و کۆمەڵگەی کورد، شوباتی ٢٠٢٣.

٣١ IDI، کارمەندی مەدەنی، شوباتی ٢٠٢٣؛ FGD، کۆمەڵگەی کورد، شوباتی ٢٠٢٣.

٣٢ IDI، کارمەندی کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣.

٣٣ IDI، کارمەندی کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣.

٣٤ FGD، کۆمەڵگەی کورد، شوباتی ٢٠٢٣.

٣٥ FGD، کۆمەڵگەی کورد، شوباتی ٢٠٢٣.

کە لە بەشی ڕێڕەوی کەشوهەوادا بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

## کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر قەزای مەخموور

دانیشتووان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە ساڵی ٢٠١٩ بە ڕوونی دەستی بە دەرکەوتن کردووە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و وشکەساڵی و بیابانبوون لە ناوچەکەدا. [36] ئەمەش لە بەرامبەردا بووە هۆی کەمبوونەوەی ناوچە سەوزاییەکان و لەوەڕگاکان لە سەرانسەری قەزاکە و زیادبوونی ئاگرکەوتنەوەی کێوەکان لە مانگەکانی هاویندا. جگە لەوەش بارانبارینی کەم و پێشبینی نەکراو بووەتە هۆی کێشەی کەمی ئاو بەو پێیەی بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی بیرە ژێرزەمینییەکان. لە ڕابردوودا بیرەکان بە کونکردنی ٥٠ مەتر بۆ خوارەوە دروست دەکران، بەڵام ئەمڕۆ بیرێک دەبێت لانیکەم ١٥٠ مەتر قووڵ بێت بۆ ئەوەی بگات بە ئاو. [37] بەپێی زانیارییەکان، ڕووباری زاب کە بە ناحیەی گوێردا تێدەپەڕێت، بۆ ئاستێکی سەرسوڕهێنەر دابەزیوە. لە ڕابردوودا قووڵییەکەی لە نێوان ٩ بۆ ٥ مەتر بووە، بەڵام ئەمڕۆ دەتوانرێت بە پێ بەناو ڕووبارەکەدا تێپەڕ ببێت. [38] هەروەها کوالیتی ئاوەکە وەرگیراوە و ئاستی بەرزی گۆگردی (کبریت) تێدا ڕاپۆرت کراوە. [39] ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەری خراپی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەبوو کە یەکێکە لە ئابوورییە سەرەکییەکانی قەزاکە. ئەم دەرئەنجامە و ئەوانی دیکە لەم بەشەی خوارەوەی ڕێڕەوی کەشوهەوادا زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.

## ڕێڕەوی کەشوهەوا

**دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکان.** گۆڕانی کەشوهەوا بووەتە هۆی دروستبوونی کێشە و گرژی پەیوەست بە دەستڕاگەیشتن بە ئاو و لەوەڕگە لە ناوچەکەدا. لەسەر یەکەمیان گرژی لە نێوان جووتیاران و نێوان جووتیاران و دەسەڵاتدارانی حکومیدا بەرز دەبێتەوە بەهۆی نەتوانینی ئاودێریکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان. هەرچەندە بەرپرسە حکومییەکان هەوڵیان داوە یارمەتی جووتیاران بدەن بۆ تێپەڕاندنی ئەم کێشەیە، بەڵام کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا ڕێگری لەو جۆرە هاوکاریانە کردووە، وەکو بەڵگەش پڕۆژەیەکی ئاو کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ ناوچەکانی باشووری قەزاکە پارەی بۆ دابینکراوە. لێرەدا ٣٠ جووتیار هەڵبژێردران بۆ ئەوەی ئاودێری تەواوی بەردەوامی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان وەربگرن لە ڕێگەی سیستەمێکی نوێی ئاودێری بە بەکارهێنانی بیرە گشتیەکان. بەڵام بەهۆی وشکەساڵی و کەمی بارانبارینەوە، هەموو جووتیارانی ناو پڕۆژەکە نەیانتوانی دەستیان بەو ئاوە بگات. لە ئەنجامدا گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان ئەو جووتیارانەی دەستڕاگەیشتنیان هەیە و ئەوانەی کە دەستڕاگەیشتنیان نییە ڕوویدا،و هەندێک پێشێلکاری لە بەکارهێنانی بیرەکان ڕاپۆرت کراوە. [40] ئەم کەیسە ئەوە نیشان دەدات، کە لایەنەکانی هەستیاری ململانێ پێویستە لەبەرچاو بگیرێن بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامە نەخوازراوەکان دوور بکەونەوە لە ڕێگەی وەڵامەکانی حکومەتەوە کە هەستیار نین بە ململانێ. لە حاڵەتێکی دیکەی ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمدا، کەمی ئاو وایکرد جووتیارێک تۆڕی ئاودێری جووتیارێکی دیکە تێکبدات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە تۆڕەکە بە شێوەیەکی نایاسایی دەستدرێژی

---

36 IDIs و FGDs، هەموویان، شوباتی ٢٠٢٣.

٣٧ IDI، نوێنەری خێڵەکی، شوباتی ٢٠٢٣؛ FGD، ژنان، شوباتی ٢٠٢٣.

٣٨ FGD، ژنان، شوباتی ٢٠٢٣.

٣٩ IDI، نوێنەری خێڵەکی، شوباتی ٢٠٢٣.

٤٠ FGD، کۆمەڵگەی عەرەبی، شوباتی ٢٠٢٣.

کردووەتە سەر بیرەکەی.[41] یەکێک لە بەرپرسەکانی بەڕێوەبردن ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ناوچانەی کە لە ڕێڕەوی ئاوی سروشتی نزیکترن، وەک ڕووباری زاب، باشتر دەستیان بە ئاو دەگات لە چاو ئەو ناوچانەی دیکە کە بە پلەی یەکەم پشت بە بیری ژێرزەوی دەبەستن، هەرچەندە ئەمە لەلایەن کەسانی دیکەوە لە گفتوگۆکانی گروپی فۆکەسدا جێی مشتومڕ بووە کە دەڵێن ڕووبارەکە بەهۆی کەمی بارانبارینەوە کەم بووەتەوە.[42] هەروەها بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا ڕووبەری لەوەڕگە سروشتییەکان کەم دەبێتەوە. ئەمەش بە تایبەتی کاریگەری لەسەر ناوچەکانی خەربەردان، قودەیلە و ناوچەکانی دامێنی چیای قەرەچۆغ هەبووە کە ناوچەکانی لەوەڕگەی سەرەکین.[43]

**بژێوی ژیان و نائاسایشی خۆراک.** گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر بژێوی ژیان و ئاسایشی خۆراک لە چەند ڕوویەکەوە هەبووە بەو پێیەی وشکەساڵی و بیابانبوون کەرتی کشتوکاڵی کە کەرتی سەرەکی دامەزراندنە لە قەزاکەدا لەناوبردووە و کاریگەری لەسەر ئاسایشی دارایی ئەو کەسانە دروستکردووە کە پشتیان بەو کەرتە بەستووە. بە تایبەتی دروێنەکردن بەرهەمی کەمتر بووە، لە هەمان کاتدا تێچووی پەیوەست بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری زیادی کردووە. بۆیە جووتیاران ناچار بوون پاشەکەوتەکانیان بخەنە ناو شێوازە جێگرەوەکانی ئاودێری کە چیتر تەنها پشت بە بارانبارین نابەستن، وەک دانانی تۆڕی ئاودێری گرانبەها کە پشت بە بیرە ژێرزەمینییەکانەوە دەبەستێت.[44] وەک یەکێک لە چاوپێکەوتووەکان باسی لەوە کردووە، "کونکردنی بیرەکان [لە قەزاکەدا] گرانە. دەبێت مۆڵەت یان ڕەزامەندی لە حکومەت وەربگیرێت و دواتر تێچووی کونکردنی بیرەکە دەتوانێت بگاتە ٤٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی". بەڵام تەنانەت لێرەشدا داهاتی وەبەرهێنان زۆر خراپە چونکە ئاستی بیرەکانی ئاو نزم دەبێتەوە و دابینکردنی کارەبا کە پێویستە بۆ چالاککردنی پەمپەکانی بیرە ئاوەکان لە باشترین حاڵەتدا بە پچڕپچڕ دێت.[45] جگە لەوەش پلەی گەرمی بەرزی نائاسایی لە مانگەکانی بەهار و هاویندا بەربەستێکە لەبەردەم جووتیاران کە چاودێری زەویەکانیان دەکەن.[46]

لای خۆشیانەوە خاوەن ئاژەڵەکان دەبوو لەبری بەکارهێنانی لەوەڕگە سروشتییەکان خۆراک بۆ ئاژەڵەکانیان بکڕن، ئەمەش تێچووی ئاژەڵەکانیان زیاتر کرد. هەموو ئەمانەش لە بەرامبەردا بووەتە هۆی کەمبوونەوەی داهات، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆر لە جووتیاران و خاوەن ئاژەڵەکان واز لە پیشەکانیان بهێنن و کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی دیکەی وەك - هەولێر، کەرکوک و نەینەوا - بۆ گەڕان بەدوای هەلی کاری نوێدا. هەروەها داڕمانی بژێوی نەریتی بووەتە هۆی دروستبوونی گرژی و ململانێی نێوان گروپە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان، کە بەهۆی کێبڕکێ لەسەر سەرچاوەکان و کاریگەری نەریتە جیاوازەکان زیاتر بووە.

هەروەها دەوترێت نرخی خۆراک بەرزبووەتەوە، ئێستا گەنم بە زیاتر لە ٨٠٠ هەزار دیناری عێراقی دەفرۆشرێت بۆ هەر تۆنێک، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٩دا ٥٠٠ هەزار دینار بوو،[47] هەروەها دەوترێت نرخی جۆ و ئارد و خواردنە سەرەکییەکانی تریش بەرزبووەتەوە.[48] ئەم بەرزبوونەوەیە ڕاستەوخۆ بۆ گۆڕانی کەشوهەوا دەگەڕێتەوە. نەک هەر بەرهەمهێنان کەمتر بەرهەمدار بووە لە کاتێکدا خواست وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵکو تێچووی

٤١ FGD، کۆمەڵگەی کورد، شوباتی ٢٠٢٣.

٤٢ IDI، بەرپرسی کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣؛ FGD، ژنان، شوباتی ٢٠٢٣.

٤٣ المقابلات المعمّقة، الجهات الإداريّة الفاعلة، شباط / فبراير ٢٠٢٣؛ مناقشات مجموعات التركيز، النساء، شباط / فبراير ٢٠٢٣.

٤٤ IDI، کارمەندی کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣.

٤٥ IDIs، نوێنەرە خێڵەکی و کارگێڕییەکان، شوباتی ٢٠٢٣؛ FGDs، پێکهاتە عەرەبی و کوردەکان، شوباتی ٢٠٢٣.

٤٦ FGD، کۆمەڵگەی عەرەبی، شوباتی ٢٠٢٣.

٤٧ IDIs، نوێنەرە کارگێڕییەکان، شوباتی ٢٠٢٣.

٤٨ ، ژنان، شوباتی ٢٠٢٣.

بەرهەمهێنان زیادی کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ لەسەر بەکارهێنەران.

**حوکمڕانی لاواز.** بەرپرسە حکومییەکان – چ ئەوانەی هاوتەریبن لەگەڵ حکومەتی فیدرالی و چ ئەوانەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانن – بێکاریگەر دەرەکەون و ناتوانن ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگاریانە ببینەوە کە بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا هاتوونەتە ئاراوە و بەرەوخراپتربوون دەچن. خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەتایبەتی دابینکردنی کارەبا و ئاو، لە خوار چاوەڕوانییەکانی گشتییەوەیە لە هەردوو ناوچەی ئیدارەی حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم. بۆ نموونە، ئاو لە ناحیەی مەلاقەرا تەنها سێ ڕۆژ جارێک بەردەستە بۆ ماڵەکان، واتە ماڵەکان و جووتیاران ناچارن بیری تایبەتی خۆیان هەڵکەنن.[٤٩]

نەبوونی دابینکردنی کارەبا کە خۆی لە خۆی خاڵێکی جێی مشتومڕە تەنانەت بەبێ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، کێشەی تایبەتی لەسەرە بە لەبەرچاوگرتنی کەمی ئاو، چونکە جووتیاران پێویستیان بە کارەبا هەیە بۆ کارپێکردنی پەمپەکانی بیرە ئاوەکانیان. بەڵام لەبەر ئەوەی کارەبا بەو ڕێژەیە دابین ناکرێ کە پێویستە – یەکێک لە چاوپێکەوتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە دابین دەکرێت. بەهۆی ئەوەی جووتیاران ناتوانن زەویەکانیان ئاودێری بکەن، گرژی لەنێوان جووتیاران و دەزگاکانی حکومەتدا دروستبووە. [٥٠] تا ئێستا هیچ هەواڵێک بڵاونەکراوەتەوە کە گرژییەکان بەرەو توندوتیژی بگۆڕدرێن، بەڵام نەبوونی خزمەتگوزارییەکان بەگشتی بەردەوامە لە دروستکردنی گرژی لە نێوان هاوڵاتیان و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

پێکهاتەی ئاڵۆزی حوکمڕانی ناوچەیی نادڵنیایی لای هاوڵاتیان دروستکردووە سەبارەت بە دیاریکردنی دەسەڵاتە بەرپرسیارەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. سنوور و سیستەمی ئیداری جیاواز لە نێوان دوو ئیدارەی جیاوازدا دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و پەککەوتنی خزمەتگوزارییەکان. سەرەڕای ئەوەش، تۆمەتەکانی گەندەڵی لە هەردوو حکومەتەکەدا متمانەی هاوڵاتیانی لەناوبردووە و هەستی پاراوێزخستنیانی بەهێزتر کردوە.

هەندێک گروپی دیمۆگرافی، بەتایبەتی کەمینەکان و دانیشتوانی دوورەدەست، هەست بە پەراوێزخستن دەکەن لەلایەن هەردوو حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەوە و ئەم ئیدارانە تۆمەتبار دەکەن بە کەمتەرخەمی لە پێداویستییەکانی وەک کارەبا و ئاو.

چارەسەرکردنی ئەم نیگەرانیانە پێویستی بە لێپرسینەوەیەکی ڕوون هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، بەرزکردنەوەی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی. هەروەها هەوڵەکان دەبێت هۆکارە بنەڕەتییەکانی پەراوێزخستن بکەنە ئامانج و دەستراگەیشتنێکی یەکسان بە سەرچاوەکان بۆ هەموو هاووڵاتیان مسۆگەر بکەن. ئەم ڕێوشوێنانە دەتوانن کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کەمبکەنەوە و گرژییەکانی نێوان هاووڵاتیان و حکومەتەکانی ناوچەکە کەمبکەنەوە.

٤٩ IDI، نوێنەرە کارگێڕییەکان، شوباتی ٢٠٢٣.

٥٠ IDI، نوێنەری کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣؛ FGDs ژنان و کۆمەڵگەی کورد، شوباتی ٢٠٢٣.

> "ئێمە وەک جووتیاران بەهۆی سنوورداربوونی دابینکردنی کارەباوە ڕووبەڕووی ئاستەنگییەکی زۆر دەبینەوە. ڕۆژانە تەنها یەک کاتژمێر کارەبامان پێدەدرێت، ئەمەش وایکردووە کە نەتوانین زەویەکانمان بە باشی ئاودێری بکەین. ئەمەش بووەتە هۆی شکستی بەرهەمی بەرچاو و زیانێکی دارایی بۆ ئێمە".

(وتەی جوتیارێکە لە  قەزای مەخمور، شوباتی ٢٠٢٣)

بەگشتی، دەسەڵاتە حکومییەکان، چ لە حکومەتی عێراقەوە بێت یان حکومەتی هەرێمی کوردستان، نابینرێت ستراتیژییەکی هەماهەنگ و ڕێنمایی هاووڵاتییان هەبێت بۆ یارمەتیدان لە قەرەبووکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. لەڕاستیدا، دانیشتووان بەگشتی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سوودمەندبووەکانی قەزاکە کۆمەڵە کەسی کەم دەگرێتەوە کە لە دەسەڵاتەوە نزیکن و زیادبوونی بێزاری لەنێو هاوڵاتیاندا. وەک یەکێک لە ئەندامانی فۆکۆس گروپ باسی دەکات، «سەرچاوەکانی حکومەت لەسەر بنەمای پەیوەندی خێزانی و خێڵەکی دابەش دەکرێن وئەوانەی دوورخراونەتەوە ئەو کۆمەڵەیە کە هیچ پەیوەندییەکی بە دەسەڵاتەوە نییە.» [٥١]

## دیاریکردنی لایەنە سەرەکی و کاریگەرەکان

توێژینەوەکە چەندین لایەنی سەرەکی دەستنیشانکردووە کە ڕۆڵیان هەیە لە چارەسەرکردنی گرژی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی ئەو گرژیانەی ناو قەزاکە کە بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە توندتر دەبنەوە. ئەم بەشە هەریەک لە گروپە سەرەکییەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکات، لەگەڵ وەسفێکی کورت لە پاشخان و ڕۆڵەکانیان. سەرنج بدەن کە ئەو لایەنانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە لیستێکی تەواو لە ئەکتەرە کاریگەرەکان لە پارێزگا یان قەزاکەدا پێکناهێنن بەڵکو ئەوانەن کە بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەندیان بە چارەسەرکردنی گرژییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەستنیشان کراون.

**سەرکردەکانی هۆزەکان.** سەرکردەکانی هۆزەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لە قەزاکەدا هەیە. لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنێکی خێڵەکی بە ناوی ئەنجومەنی عەشیرەتی مەخمور پێکهێنرا بۆ یارمەتیدانی سەرکردەکان بۆ هاوکاریکردن و هەماهەنگی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشە و نێوەندگیری ناکۆکی لەناو قەزاکەدا، لەوانەش بابەتەکانی پەیوەست بە دوو ئیدارەیی. بە سەرنجدان بە گرینگی داینامیکی خێڵەکی، دەسەڵاتدارانی خێڵەکی وەک کاریگەرییان لەسەر جووتیاران و بەرپرسانی کەرتی گشتی سەیر دەکرێت کە هەمان پەیوەندی خێڵەکییان هەیە. [٥٢]

**دەسەڵاتدارانی کارگێڕی و ئەمنی.** سەرۆکی شارەوانییەکانی قەزاکان، سەرۆک شارەوانییەکانی ناوچە لاوەکییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە ئاو و کشتوکاڵەوە هەیە، و بەرپرسە ئەمنییەکان وەک ڕۆڵێکی سەرەکی لە کەمکردنەوەی گرژی و تەحەددیاتی پەیوەست بە کەشوهەوا دەستنیشانکراون. لیژنەیەکی دیاریکراوی ناکۆکی کشتوکاڵی لە قەزاکەدا چالاکە کە بەستراوەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی. شایانی باسە کە حیزبی سیاسی سەرەکی قەزاکە پارتی دیموکراتی کوردستانە و زۆربەی

٥١ FGD، کۆمەڵگەی عەرەبی، شوباتی ٢٠٢٣.
٥٢ IDI، نوێنەری کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣.

بەرپرسە سەرەکییە ئیدارییەکانیش پەیوەستن بەو حیزبەوە. یەکێک لە بەرپرسە کارگێڕییەکان کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە، بەرپرسە کارگێڕی و خێڵەکییەکانی بە ڕۆڵی تەواوکەر سەیر کردووە و دەڵێت: «پرسگەلێک هەن کە ئێمە وەک کارگێڕی ناوخۆیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و پرسگەلێک هەن کە سەرکردەکانی هۆزەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.»[53] هەروەها لیژنەیەکی کارەساتی فریاگوزاری هەیە کە لە دۆخی نائاساییدا چالاک دەکرێت ، کە پێکهاتووە لە سەرۆکی شارەوانی قەزاکە، سەرۆک شارەوانییەکانی قەزاکانی لاوەکی، سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی قەزاکە و بەڕێوەبەری پۆلیس.[54]

بە گوتەی چاوپێکەوتنەکان و ئەندامانی فۆکۆس گروپ، بەرپرسە ئەمنییەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک چارەنووسسازێک سەیر دەکرێن لە چارەسەرکردنی گرژییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا. دامەزراندن و چالاککردنی هێزێکی فەرماندەیی هاوبەش/ئەنجومەن کە ڕۆڵی ئەمنی لە نێوان هەردوولادا هەماهەنگ بکات، ئەمەی ئاسانتر کردووە.

## قەزای ئەلریفای

### باکگراوندی قەزاکە

قەزای ئەلریفای یەکێکە لەو نۆ قەزایەی کە پارێزگای زیقار پێکدەهێنێت. قەزاکە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسی تێدا نیشتەجێیە کە زۆرینەیان لە نەتەوەی عەرەبی شیعەن. داینامیکی خێڵەکی بەرچاوە و هۆزەکانی بەنی ڕیکاب و ئەلشوەیلات دیارترینن. شارۆچکە سەرەکییەکەی قەزاکە ناوەندی کارگێڕییە، کە پێی دەوترێت ڕیفای، کە گوندی زۆری لەدەوروبەر هەیە. ڕووباری ئەلغەراف لە ناو قەزاکەدا تێپەڕدەبێت کە ڕووباری دیجلە و فورات بەیەکەوە دەبەستێتەوە و وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاو بۆ دانیشتوانی قەزاکە سودی لێدەبینرێت. لە ڕووی ئابوورییەوە قەزاکە پشتی بە کەرتی گشتی و نەوت (کێڵگەی نەوتی غەرەف لەناو قەزاکەدایە)، کشتوکاڵ و پیشەسازییە بچووکەکان بەستووە، هەرچەندە دوو کەرتەکانی دوایی بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و نەبوونی وەبەرهێنانەوە تادێت بچووکتر دەبنەوە.

### داینامیکی ململانێ

ململانێی پارێزگای ذی قر، وەک بەشێکی زۆری عێراق، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری ئاڵۆزەوە لە قاڵب دراوە، لەوانە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. پارێزگاکە لە مێژوودا خاڵی سەرەکی ڕکابەریی نێوان گروپە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان بووە و ژینگەی ئێستای ململانێش لەوە بێبەری نییە. لە ساڵانی ڕابردوودا، پارێزگاکە گرژییەکی سوکی لە نێوان هەندێک لە هۆزەکانی لاوەکیدا بەخۆیەوە بینیوە کە بەشێکن لە هۆزەکانی بەنی ڕیکاب و ئەلشوەیلات، کە کێبڕکێیان لەسەر بەرژەوەندی و بانگەشەی حوکمڕانی بەسەر دەسەڵاتی دادوەری و سەرچاوەکان هەیە، بەتایبەتی ئاو. ئەمەش بووەتە هۆی پێکدادان و شەڕ لە نێوان ئەو دوو هۆزەدا، پێشتریش کەشێکی ناسەقامگیری و بێمتمانەیی دروست کردبوو. جگە لەوەش، پارێزگاکە وشکەساڵی توندی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش دۆخی سەرچاوەکانی پێشتری ئاڵۆزتر کردووە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئابووری و کۆمەڵگەی ناوخۆیی هەبووە. هەروەها نەبوونی حوکمڕانی کارا و گەندەڵی هۆکار بووە بۆ خراپتربوونی دۆخی ململانێکان. لە بەرامبەر ئەم پاشخانەدا ئەنجوومەنی پارێزگا کە لە ساڵی ٢٠١٣ دامەزرا، خەباتی کردووە بۆ دووپاتکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی و چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی

---

٥٣ IDI، نوێنەری کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣.

٥٤ IDI، نوێنەری کارگێڕی، شوباتی ٢٠٢٣.

ململانێکان. ئەنجومەنەکە بەهۆی دابەشبوونی ناوخۆیی و کەمی سەرچاوەکانەوە کۆسپی بۆ دروست بووە، ئەمەش توانای سنووردار کردووە بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرانەی پێداویستییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە. لە کۆتاییدا دەڵێین ململانێی زی قار پرسێکی ئاڵۆزە و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە فاکتەرە مێژوویی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. چارەسەرکردنی بارودۆخی ئێستا پێویستی بە ڕێبازێکی هەمەلایەنە دەبێت کە دیدگا و پێداویستییەکانی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبەرچاو بگرێت، لەوانەش هۆزەکانی بەنی ڕیکاب و ئەلشوەیلات، و ئەولەویەت بدات بە گەشەپێدانی بەردەوام و حوکمڕانی باش و سەروەری یاسا.

## کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئەلریفای

کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە قەزاکەدا هەست پێدەکرێت. دانیشتووان ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و بەردەوامی وشکەساڵی زیاتر دەبنەوە.[٥٥] ئەمەش لە بەرامبەردا بووەتە هۆی زیادبوونی بیابانبوون لە سەرانسەری قەزاکەدا، بەجۆرێک کە تەپۆڵکە خۆڵەکان ئەو زەویانەی کە پێشتر بەپیت بوون دادەپۆشن وە هەروەها ناوچە شارییەکانیشی گرتۆتەوە. بەپێی زانیارییەکان، زریانی تۆز و خۆڵیش لە هەڵکشاندایە و ئاستی ئاوی ڕووباری ئەلغەرەف دابەزیوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە ئاو بۆ زۆرێک لە قەزاکە هەبووە. هەروەها کوالیتی ئاویش کاریگەری لەسەر بووە بەهۆی ئەوەی ئاستی سوێری بەرز بووەتەوە. ئەم هۆکارانە کاریگەری زیانبەخشیان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەبووە کە یەکێکە لە کەرتە ئابوورییە سەرەکییەکان، ، بەو پێیەی کەرتەکە لە ماوەی سێ ساڵدا شایەتی دروێنەی ئاسایی نەبووە.[٥٦] ئەم دەرئەنجامە و ئەوانی دیکە لەم بەشەی خوارەوەی ڕێڕەوی کەشوهەوادا زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.

شایەنی باسە ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە پێیان وایە دابینکردنی تۆڕی ئاودێری هاوچەرخ، چاندنی دار ونەمام بۆ زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لە قەزاکە، و دابینکردنی پەینی کیمیایی و پشتگیریکردنی ئەو بەرهەمانەی کە بەرگەی کەشوهەوای سەخت دەگرن کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ قەرەبووکردنەوەی هەندێک لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە قەزاکەدا.

## ڕێڕەوەکانی کەش وهەوا

**دەستڕاگەیشتن بە سامانە سروشتییەکان.** چاوپێکەوتنەکان و ئەندامانی فۆکۆس گروپ هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەستڕاگەیشتن بە ئاو دەبێتە هۆی زیادبوونی ململانێکان. کەمی بارانبارین لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بووەتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر ئاوی ڕووباری ئەلغەرەف و ئاوی ژێر زەوی. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دەستڕاگەیشتنە و سنووردارکردنی بەکارهێنان قەزاکە پشکی ئاوی بۆ هەر گوندێک داناوە. بەڵام چاوپێکەوتنەکان دەڵێن کە ئەم جۆرە پشکانە لە خوار ئاستە پێویستەکانەوە بووە کە پێویستن بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە. ئەمەش بووەتە هۆی پێشێلکاری و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی کە ئەمەش لە بەرامبەردا بووەتە هۆی زیادبوونی ململانێی خێڵەکی لەسەر دەستڕاگەیشتن بە ئاو.[٥٧] بەڵام دانیشتووان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمساڵ ئەم ململانێیانە کەمبوونەتەوە بەهۆی زۆری بارانبارین بە بەراورد بە سێ ساڵی ڕابردوو کە

---

٥٥ IDI و FGD، هەموویان.

٥٦ نوێنەری کارگێڕی IDI، کانونی دووەمی ٢٠٢٣.

٥٧ FGD، نوێنەرانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم ٢٠٢٣؛ ئەکتەرە کارگێڕییەکانی IDIs، کانونی دووەم ٢٠٢٣.

خەڵکی خووی بە وشکەساڵییەوە گرتبوو.[٥٨] جگە لەوەش، کۆدەنگییەک لە نێوان چاوپێکەوتووەکان و ئەندامانی فۆکۆس گروپدا هەیە کە کاتێک ئەم جۆرە ململانێیانە ڕوودەدەن بە شێوەیەکی کاریگەر و خێرا لەلایەن دەسەڵاتدارانی خێڵەکییەوە، یان دەزگا ئەمنی و کارگێڕییەکانەوە چارەسەر بکرێن..

> ”من جووتیارێکی خەڵکی ئەلریفایم، و بە چاوی خۆم شایەتحاڵی کاریگەرییە وێرانکەرەکانی کەمی ئاو بووم لەسەر کۆمەڵگاکەمان. ئاستی ئاوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، من و زۆر کەسی دیکە ناچار کردووە کۆچ بکەین بۆ ناوچەکانی دیکە بەدوای دۆخێکی باشتری ژیاندا. دڵتەزێنە تاکە شێوازی ژیان بەجێبهێڵین کە لەگەڵی ڕاهاتبووین، بەڵام هیچ بژاردەیەکی ترمان لە بەردەست نییە. داوا لە دەسەڵاتداران دەکەم پێش ئەوەی درەنگ بێت، هەنگاو بنێن و چارەسەری ئەم پرسە گرنگە بکەن“.
>
> (جوتیارێکی لە قەزای ئەلریفای، کانونی دووەمی ٢٠٢٣)

**بژێوی ژیان و نائاسایشی خۆراک.** وشکەساڵی و بیابانبوون کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کەرتی کشتوکاڵی ڕیفای هەبووە کە کەرتێکی سەرەکی دامەزراندنە. ساڵانێکە جووتیاران بەرهەمی ئاساییان نەبووە بەهۆی کەمی ئاووەوە و زۆرێک لە خاوەن ئاژەڵەکان نەیانتوانیوە لەگەڵ تێچووی خۆراکدانی مەڕەکانیاندا بگونجێن. کەمتر لەوەڕگە بۆ لەوەڕاندن بەو مانایە بووە کە پێویستە پارەی زیاتر بۆ خۆراکی ئاژەڵان خەرج بکەن. لە ئەنجامدا زۆرێک لە کەرتی کشتوکاڵ بە ماسیگرەکانیشەوە وازیان لە پیشەکانیان هێناوە و کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی دیکە بە دوای هەلی کاری نوێدا. وەک لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی پێدەکات، ”نزمی ئاستی ڕووباری ئەلغەرەف کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوە لە قەزاکەدا، وایکردووە زۆرێک لە جووتیاران و ماسیگرەکان و ئاژەڵدارەکان کۆچ بکەن چونکە توانای ئەوەیان نییە بەروبوم و ئاژەڵەکانیان بە زیندووی بهێڵنەوە .“[٥٩] هەرچەندە ئەو پیشانەی کە بەدوایاندا دەگەڕێن بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەرتی فەرمیدان - زۆربەیان لە پاڵاوگەی نەوتی غەرەف یان وەک شۆفێری تەکسی دامەزراندنیان بەدەستهێناوە - بەڵام هەندێک لە دانیشتووان ئاماژەیان بە زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانە کردووە کە دەیانەوێت بژێوی ژیانیان لە ڕێگەی چالاکییە نایاساییەکانەوە دابینبکەن، وەک بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان.[٦٠]

هەروەها ئاماژە بەوە کرا کە زۆرێک لە دانیشتووانی قەزاکەیان بەجێهێشتووە بۆ قەزاکانی دیکەی ناو پارێزگاکە یان قایمقامیەتەکانی دیکە بە دوای هەلی کاردا. گەنجانیش بەدەرنەبوون لەم کاریگەریانە چونکە دەوترێت زۆرێکیان وازیان لە قوتابخانە و زانکۆ هێناوە بۆ ئەوەی بتوانن بەدوای کاردا بگەڕێن بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکانیان .[٦١] جگە لەوەش، دانیشتووان باس لە بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک دەکەن لە ئەنجامی هەردوو کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا - وەک کەمبوونەوەی دروێنە و لە ئەنجامدا بەرهەمەکان بە ناچاری هاوردەی قەزاکە دەکرێن - هاوکات لەگەڵ ناجێگیری دراوی نیشتمانی. جگە لەوەش کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا گرژی و ململانێی هەنووکەیی لە قەزاکەدا خراپتر کردووە، کە لە کێبڕکێ و نەریتە جیاوازە کولتووری و

٥٨ FGD، گەنجان، کانونی دووەم ٢٠٢٣؛ کارمەندی ئاسایشی IDI، کانونی دووەم ٢٠٢٣.

٥٩ نوێنەری کارگێڕی IDI، کانونی دووەم ٢٠٢٣.

٦٠ FGD، نوێنەرانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم ٢٠٢٣.

٦١ ، گەنجان، کانونی دووەم ٢٠٢٣.

ئاینییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. بە گشتی کاریگەرییە یەکگرتووەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و ناسەقامگیری ئابووری و ململانێ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاسایشی ئابووری قەزاکە هەبووە.

**حوکمڕانی لاواز.** کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بەهۆی لاوازی دامەزراوە و ڕێکخستنەکانی حوکمڕانی تایبەتمەندەوە لە قەزاکەدا خراپتر دەبن. خزمەتگوزارییە گشتیەکان (واتە ئاو، کارەبا، دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی و هتد)، تا ئاستی کارابوونیان، وەک ئەوەی بە شێوەیەکی نایەکسان لە سەرانسەری قەزاکەدا دابەشکراون سەیر دەکرێن، هەندێک لە گەڕەکەکان بەهۆی پەیوەندی سیاسی و لایەنگرییەوە زیاتر لە هەندێکی دیکە سوودمەند دەبن. [٦٢]

جگە لەوەش، دامەزراوە حکومییەکان وا دەبینرێت دەکرێن کە سەرچاوە و توانایان نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەحەددایانەی کە لە گۆڕانی کەشوهەوا سەرهەڵدەدەن، ئەمەش تەنیا ئاستەنگەکانی حوکمڕانی ئێستای و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی خراپتر کردووە، لەوانەش ئاو. لەسەر ئەمە، دانیشتوانی ناو گروپە فۆکۆسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە، لە کاتێکدا کە ناکۆکییەکانی دەستڕاگەیشتن بە ئاو زۆرجار بە خێرایی چارەسەر دەکرێن، بەڵام ڕێبازێکی بەردەوامتر پێویستە بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە سەرچاوەکانی ئاو بە یەکسانی بۆ هەموو دانیشتووان دابین دەکرێن. لێرەدا چاوپێکەوتنەکان ئاماژەیان بەوەدا کە بەرپرسە خێڵەکی و حکومییەکان کاریگەرترن لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە سادەکان بەڵام زۆر سەرکەوتوو نین لە چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزترەکان و ئەوانەی پێویستیان بە تێکەڵەیەک لە چارەسەری تەکنیکی و سیاسی هەیە، وەک ئەوانەی کە گۆڕانی کەشوهەوا هێناویەتییە ئاراوە، بەهۆی سنووردارکردنی تواناکانەوە، لەوانەش زانین -چۆن، و نەبوونی سەرچاوە. جگە لەوەش، پێویستی بە سیستەمی هاوبەشی ئاو و سەرچاوە و بەڕێوەبردنی بەردەوامتر هەیە بۆ دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتنێکی یەکسانانە بەم سەرچاوانە لە بەرامبەر زیادبوونی فشارەکانی گەشەی دانیشتووان و گۆڕانی کەشوهەوا.

جگە لەوەش زۆرێک لە دانیشتووان باوەڕیان بەوە نییە کە هەموو کۆمەڵگاکە لە پرۆسەکانی بڕیاردان کە بە پلەی یەکەم لەلایەن دەسەڵاتە خێڵەکی و سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بەشدارن. [٦٣] لە ئەنجامدا چارەسەرەکان پێداویستی و زانیارییەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو ناگرن و ئەو چارەسەرانەی کە دەردەچن لە سروشتدا بە کورتبین دادەنرێت. شایانی باسە کە ئەو دەسەڵاتدارە خێڵەکی و ئیدارییانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بۆچوونێکی پێچەوانەی گروپە فۆکەسییەکانیان هەیە. ئەوان دەڵێن هەرچەندە پرۆسەکانی بڕیاردان لەلایەن دەسەڵاتدارە خێڵەکی و ئەمنی و کارگێڕییەکانەوە زاڵن، بەڵام ئەندامانی کۆمەڵگا پێیان وانیە کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەندامانی کۆمەڵگا بکەن. هەروەها ژنان وەک ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی بڕیاردان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە سەیر نەکرابوون: زۆرجار، ژنان خۆیان لە بڕیاردان دوور دەخرێنەوە و لە ئەگەری بەشدارییبوونیانیش، دەنگەکانیان لەناو پرۆسەکانی بڕیاردان گوێی لێناگیرێت. [٦٤] ئەمەش تیشک دەخاتە سەر پچڕانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی ئەندامانانی کۆمەڵگا و سەرکردەی قەزاکان کاتێک باس لە پرسی نوێنەرایەتی دەکرێت. بەگشتی، حوکمڕانی ناکاریگەر و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وەک نارەزایەتییەکی سەرەکی سەیر دەکرێت کە نەک هەر ئەگەری ململانێ بەهۆی کەشوهەوا زیاتر دەکات بەڵکو بۆشایی نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەتیش فراوانتر دەکات.

٦٢ IDIs، بەرپرسە کارگێڕییەکان، کانونی دووەم ٢٠٢٣.

٦٣ FGD، نوێنەرانی گەنجان و کۆمەڵگا، کانونی دووەم ٢٠٢٣.

٦٤ گەنجانی FGD، کانونی دووەم ٢٠٢٣.

جێگای سەرنجە کە ڕۆیشتنی ئاو بۆ باشووری عێراق لەژێر کاریگەری سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ، واتە تورکیا و ئێران و سوریادایە. دروستکردنی بەنداو و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی ئاو لەم دواییانەدا بەدرێژایی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بووەتە هۆی هەڵاوسان لە بەردەستبوونی ئاو لە خوارەوەی ڕووبارەکان و کاریگەری لەسەر ناوچەکانی باشووری عێراق دروستکردووە. ئەم وابەستەییە ئاڵۆزانەی نێوان سیاسەتەکانی ئاوی وڵاتانی دراوسێ کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی ئاوی باشووری عێراق هەیە.

> ”ڕێبازی تەقلیدی سەرەوە بۆ خوارەوە لە بڕیاردان شکستی هێناوە. پێویستە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و گەلانی ڕەسەن لە پرۆسەی بڕیاردان بەشدار بکەین بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە پێداویستی و دیدگاکانیان لەبەرچاو دەگیرێت. گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری لەسەر هەموو کەسێک هەیە، بەبێ گوێدانە پاشخان و شوێنەکەی. بە پێکەوە کارکردن و گوێگرتن لە ئەزموونی یەکتر، دەتوانین چارەسەری گشتگیرتر و کاریگەرتر دروست بکەین.“
>
> (چالاکوان لە قەزای ئەلریفای، شوباتی ٢٠٢٣)

## دیاریکردنی لایەنە سەرەکی و کاریگەرەکان

توێژینەوەکە چەندین لایەنی سەرەکی دەستنیشانکردووە کە ڕۆڵیان هەیە لە چارەسەرکردنی گرژی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی ئەو گرژیانەی ناو قەزاکە کە بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە تووندتر دەبنەوە. ئەم بەشە هەریەک لە گروپە سەرەکییەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکات، لەگەڵ وەسفێکی کورت لە پاشخان و ڕۆڵەکانیان. سەرنج بدەن کە ئەو لایەنانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە لیستێکی تەواو لە ئەکتەرە کاریگەرەکان لە پارێزگا یان قەزاکەدا پێکناهێنن بەڵکو ئەوانەن کە بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەندیان بە چارەسەرکردنی گرژییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەستنیشان کراون.

**سەرکردەکانی هۆزەکان.** دەسەڵاتدارانی خێڵەکی وەک ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکاندا لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی قەزاکەدا سەیر دەکرێن. هەروەک ئاماژەمان پێدا، دوو هۆزی بەهێزی ئەلریفای بریتین لە عەشیرەتی بەنی ڕیکاب و الشوەیلات. هۆزەکانی تری قەزاکە بریتین لە بەنی حاجیم، جەبور، ئەلعەتاب، فەیاز، بەنی ئەلعەجیل، ئەلحوبەیل و ئەلسەواد.

**دەزگا حکومی و ئەمنییەکان.** سەرۆکی شارەوانی قەزاکە (قایم مەقام) وەک ڕۆڵێکی سەرەکی لە چارەسەرکردنی ئەو تەحەددیایانەی کە ڕووبەڕووی قەزاکە دەبێتەوە، ئاماژەی پێکرا. هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان - ئاو و کشتوکاڵ بە تایبەتی - ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دامرکاندنەوەی بزوێنەری ململانێکانی پەیوەست بە کەشوهەوا. لە ڕووی بەرپرسە ئەمنییەکانەوە، هێزە ئەمنییە سەرەکییەکانی قەزاکە بریتین لەوانەی کە لەژێر چاودێری وەزارەتی ناوخۆدان، واتە هێزی پۆلیسی ناوخۆیی قەزاکە، پۆلیسی فیدراڵی و فەوجە فریاگوزاری چوارەم.

**دەسەڵاتدارە ئایینی و مەدەنییەکان.** هەروەها کەسایەتییە ئایینی و مەدەنییەکان بۆ ئەو ڕۆڵە بنیاتنەرەی کە دەتوانن بیگێڕن لە کەمکردنەوەی ناکۆکی لە ناوچەکەدا دەستنیشانکران. کەسایەتی ئایینی و کۆڕبەندی گەنجانی ئەلریفای کە

ڕێکخراوێکی ناحکومییە، پێگەیەکی باشیان هەیە بۆ یارمەتیدانی پێشخستنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە قەزاکەدا.

## قەزای تەلعەفەر

### باکگراوندی (پاشخانی) قەزاکە

تەلعەفەر دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا، بە شێوەیەکی ستراتیژی لە نێوان موسڵ و سنووری سووریا هەڵکەوتووە. پێکهاتووە لە ناوەندی کارگێڕی کە پێی دەوترێت ناوەندی تەلعەفەر و ناوچە لاوەکییەکانی ئەیادییە و ڕەبیعە و زومار. پێش ململانێکان لەگەڵ داعش، کۆی ژمارەی دانیشتووانی بە نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرا. پێکهاتە سەرەکییەکانی قەزاکە بریتین لە تورکمانەکان کە لە نێوان شیعە و سوننە و عەرەبی سوننە و کورددا دابەشبوون و پێدەچێت تورکمانەکان زۆرینەی هەموو دانیشتووانی قەزاکە پێکبهێنن. ئەم کۆمەڵگایانە لە سەرانسەری قەزا لاوەکییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، سەنتەری تەلعەفەر تا ڕادەیەکی زۆر شوێنی شیعە و تورکمانی سوننەیە؛ ئایەدییە بۆ عەرەبی سوننە و تورکمان و کورد؛ ڕابیعە بۆ عەرەبی سوننە و پێکهاتەیەکی بچووکی تورکمانی سوننە؛ و زومار بۆ عەرەبی سوننە و کورد. بەشێک لە قەزاکە دەکەونە ژێر مەلەفی خاکە جێناکۆکەکان. زومار لە نێوان حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کێبڕکێی لەسەرە و بەشێک لە قەزاکە ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی قەوارەکانی حکومەتی هەرێمدایە.

لە ڕووی ئابوورییەوە قەزاکە پشت بە کەرتی نەوت و دامەزراندنی حکومەت و کشتوکاڵ دەبەستێت. لە قەزاکەدا دوو پاڵاوگەی نەوت بوونیان هەیە، یەکێکیان لە زومار و ئەوی دیکەیان لە ڕەبیعە. دامەزراندنی حکومەت بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەرتی گشتی و هێزە ئەمنییەکاندایە لە کاتێکدا کەرتی کشتوکاڵ - کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ - لە ڕەبیعە، ئایادییە و زوماردا باوە. ئەو بەرهەمانەی کە دەچێنرێن بریتین لە گەنم و جۆ و سەوزە و میوەی جۆراوجۆر. کەرتی کشتوکاڵ زۆر پشتی بە ئاودێری باران بەستووە، هەرچەندە ڕووباری دیجلە و لقە بچووکەکانی وەک ڕووباری خاسا و وادی ئەلعەیش بە قەزاکەدا تێدەپەڕن.

### داینامیکی ململانێ

تەلعەفەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە شاهیدی زنجیرەیەک ململانێ بووە، کە بزوێنەری سەرەکی ململانێکان بریتین لە بەراوێزخستنی سیاسی و حوکمڕانی بێکاریگەر و تایبەتمەند و پرسی پێگەی ناکۆکی بەشێک لە قەزاکە. وەدەرنانی سیاسی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە حکومڕانی و ڕێکخستنە ئەمنییە سەرەکییەکانی قەزاکە لەلایەن ئەندامانی پێکهاتەی تورکمانی شیعەوە زاڵ بووە . لە ئەنجامدا ئەوانەی سەر بە پێکهاتەی عەرەبی سوننە و تورکمانی سوننە و کورد بوون هەستیان نەدەکرد وەک پێویست لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئیدارەی قەزاکەدا بەشدارن یان نوێنەرایەتیان هەبێت.[65] ئەم ناڕەزایەتییە، هەرچەندە لە قۆناغی دوای داعشدا ئەوەندە توند نەبووە، بەڵام تا ئەمڕۆش بەردەوامە. جگە لەوەش ناڕەزایەتییەکە درێژدەبێتەوە بۆ قەزا و کۆمەڵگاکانی دیکە. لە زومار کە بەشێکە لە ناوچە جێناکۆکەکان، عەرەبی سوننە هەست بە دوورخستنەوە دەکەن لە ڕێکخستنەکانی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچە لاوەکییە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەندامانی پێکهاتەی کوردی نزیک لە حیزبی

---

٦٥ ڤان زونێن، دەیڤ و ویریا، خۆگیر: تورکمان لە تەلعەفەر: تێڕوانینەکانی ئاشتەوایی و ململانێ. لە: پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ٢٠١٧؛ دێرزی هۆرڤات، ئەندراس و ئێریکا گاستۆن، ئێریکا: عێراق ئەدوای داعش: بەرپرسە لاوەکییەکانی دەوڵەت، هێزە ناوخۆییەکان و سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی بچووک. لە: دامەزراوەی سیاسەتی گشتی جیهانی، ٢٠١٧؛ ماس، فرۆک و گاستۆن، ئێریکا: عێراق دوای داعش: شاری تەلعەفەر. لە: دامەزراوەی جیهانی سیاسەتی گشتی، ٢٠١٧. بەستەر: : https://www.gppi.net/2017/08/21/iraq-after-isil-tal-afar-city چوارچێوەی ململانێ و چاودێریکردن بۆ نەینەوا، شەپۆلەکانی ٤ – ٦. بەستەر: .https://www.usip.org/programs/conflict-and-stabilization-monitoring-framework

پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.[66] لە هەمان کاتدا تورکمانە سوننەکان لە ڕەبیعە هەست بە پەراوێزخستن دەکەن لەلایەن کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە لە ناوچە لاوەکییەکانی قەزاکەدا. ئەوەی یەکەمیان زۆربەی دانیشتوانی لە ناوەندی تەلعەفەرەوە هاتون و لە عەرەبەکانی ناوچەکە زیاتر پابەندی بیروباوەڕی ئایینین.[67]

هەروەها خراپی خزمەتگوزارییەکان و حوکمڕانی ناکاریگەر هۆکاری سەرەکی گرژییە لە قەزاکەدا. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی گونجاو کار ناکەن (واتە کارەبای پچڕپچڕ، خراپی ڕێگاوبانەکان، ئاوەڕۆ و سیستەمی ئاو)، لەگەڵ توانا سنووردارەکان، کەمی سەرچاوەی بودجە و گەندەڵی کە وەک هۆکاری سەرەکی بۆ حوکمڕانی ناکاریگەر ئاماژەی پێکراوە.[68] هەندێک بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی تورکمانی شیعە، سەرکردەکانی قەزاکان بە هۆکاری خراپ بەڕێوەبردنی تەلعەفەر دەزانن، پێیان وایە سەرکردەکانی پارێزگاکە بە ئەنقەست قەزاکەیان پەراوێزخستووە بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەیان لە کۆمەڵگەی شیعەن.[69]

هەروەها دۆخی ناکۆکی لەسەر ناحیەی زومار پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ گرژییەکان لە قەزاکەدا.[70] لە ئێستادا بەشێکی لاوەکی ناحیەکە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە لە کاتێکدا بەشێکی دیکەی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە. نادڵنیایی لەسەر دۆخی کۆتایی ناحیەکە سەرچاوەیەکی سەرەکی ململانێیە چونکە لایەنە هاوتەرییەکانی حکومەتی عێراقی لە کێبڕکێدان لەگەڵ ئەوانەی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆیان و بانگەشەکردنی حوکمداری لە ناحیەکەدا.

## کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر تەلەعفەر

دانیشتووان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی بارانبارین بۆ قەزاکە لە چەند دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە. لە ساڵانی حەفتاکانەوە تا سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ وەرزی بارانبارین لە مانگی ئەیلول یان سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر دەست پێدەکرد و لە مانگی نیسان کۆتایی پێدەهات. بەڵام لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠وە ئەمە دەستی بە گۆڕانکاری ڕوویداوە لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی بارانبارین کە پێشبینی نەکراوتر بوو. جگە لەوەش ماوەی وەرزی بارانبارینیش بە ڕادەیەک کورت بووەوە کە لە وەرزی کشتوکاڵدا کۆتایی هات، واتە بەرهەمەکان لە ماوەیەکی گرنگی دروێنەکردندا لە ئاو بێبەش دەکران. ئەمڕۆ دانیشتووان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ٢٠٢٠وە وشکەساڵی لە قەزاکەدا زاڵ بووە و ئاستی بارانبارین زۆر کەمترە لە ئاستی پێشوو.

هەروەها دانیشتووان ئاماژە بە زیادبوونی ڕووداوە توندەکانی کەشوهەوا دەکەن. بارانبارین چیتر بە بەردەوامی نابارێت بەڵکو لەبری ئەوە لە شێوازی زریانی توندتردا دێت و بەتایبەتی لە سەرەتای وەرزی بارانبارینـدا. ئەمەش لە بەرامبەردا بووەتە هۆی زیادبوونی لافاو و تەپوتۆز لە قەزاکەدا. ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە لە ژینگە ودیاردە توندەکانی کەشوهەوا کاریگەری نەرێنییان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەبووە چونکە لە وەرزی گەشەکردندا

٦٦ : چوارچێوەی ململانێ و چاودێریکردن بۆ نەینەوا، شەپۆلەکانی ٤-٦. لینک: .https://www.usip.org/programs/conflict-and-stabilization-monitoring-framework

٦٧ چاوپێکەوتنیPPO و گفتوگۆی نووسەر لەگەڵ سەرکردە ناوخۆییەکان لە دەرەوەی ئەم ڕاپۆرتەدایە.

٦٨ USIP: چوارچێوەی ململانێ و چاودێریکردن بۆ نەینەوا، شەپۆلەکانی ٤-٦. لینک .https://www.usip.org/programs/conflict-and-stabilization-monitoring-framework

٦٩ ڤان زونێن، دەیڤ و ویریا، خۆگیر: تورکمان لە تەلعەفەر: تێڕوانینەکانی ئاشتەوایی و ململانێ. لە: پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ٢٠١٧.

٧٠ بۆ زانیاری زیاتر، سەیری: کەین، شۆن: خاکە ناکۆکەکانی عێراق: ڕوانگەیەک بۆ ئاسۆی سیاسی و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بکەن. لە: USIP. کاری ئاشتی، ٢٠١١.

بەروبوومـەکان زیانیـان بەرکەوتـووە. بەپێـی ئەندامانـی فۆکـەس گـروپ و چاوپێکەوتنـەکان، کورتبوونـەوەی وەرزی بارانباریـن بووەتـە هـۆی درێژبوونـی وشکەسـاڵی بەتایبەتـی لـە سـاڵی ٢٠٢٠ەوە. لـە ئەنجامـدا بەپێـی زانیارییـەکان، بەپیتـی خـاک کەمیکـردووە بەهـۆی ئـەوەی زەویـەکان ڕەقتر و شـکاویتر بـوون و وایکـردووە پرۆسـەی چانـدن قورسـتر بێـت لـە پێشـوو. ئـەم دەرئەنجامـە و ئەوانـی دیکـە لـەم بەشـەی خـوارەوەدا لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر دەکرێـت.

ئەوانـەی چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ کـراوە بـۆ دابینکردنـی زانیـاری ئـەم ڕاپۆرتـە پێیـان وایـە کـە باشـتر بەڕێوەبردنـی ئـاو و شـێوازی کشـتوکاڵی کـە پێویسـتی بـە هەماهەنگـی باشـتر لـە نێـوان وەزارەتـی سـەرچاوەکانی ئـاو و وەزارەتـی کشـتوکاڵ هەیـە، دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت بـۆ ڕێگریکـردن لـە هەندێـک لـە دەرئەنجامـە نەرێنییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا کـە لـە قەزاکـەدا.

## ڕێڕەوەکانی کەشوهەوا

**دەستڕاگەیشـتن بـە سـەرچاوە سروشـتییەکان.** کاریگـەری گۆڕانـی کەشـوهەوا لـە شـێوەی وشکەسـاڵیدا کاریگـەری لەسـەر بەردەسـتبوونی ئـاو هەبـووە و بووەتـە هـۆی تێکچوونـی ئـەو زەوییـە بەپیتانـەی کـە بـۆ هـەردوو بـواری کشـتوکاڵ و لەوەڕاندنـی ئـاژەڵ بەکاردەهێنرێـن. دانیشـتووان ڕایانگەیانـدووە، وشکەسـاڵی سـێ سـاڵی ڕابـردوو کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر زەوییـە کشـتوکاڵییەکان هەبـووە، بەو پێیـەی بەروبوومـەکان بەهـۆی نەبوونی ئاودێرییـەوە کاریگەرییـان لەسـەر بـووە. هەندێـک لـە جووتیـاران وەڵامـی کەمـی ئاویـان داوەتـەوە بـە دانانـی سیسـتەمی ئاودێـری کـە بیـر و ئـاوی ژێـرزەوی بەکاردەهێنێـت، هەرچەنـدە ئـەم شـێوازانە گرانـن و مەزەنـدە دەکرێـت کـە دروسـتکردنی بیرێـک نزیکەی ٢٠ مليـۆن دینـاری عێراقـی تێبچێـت و سیسـتمێکی ئاودێریـش نزیکـەی ٧٠ مليـۆن دینـاری تێبچێـت.[٧١] لـە ئەنجامـدا بـاس لـەوە کـرا کـە تەنهـا ١٠-١٥٪ی جووتیـاران - بـە شـێوەیەکی سـەرەکی ئەوانـەی کـە توانـای داراییـان هەیـە - سیسـتەمی ئاودێرییـان بـەم شـێوەیە دانـاوە. [٧٢] بـەڵام تەنانـەت ئەوانیـش بەهـۆی کەمـی بارانبارینـەوە ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگی بـەردەوام دەبنـەوە، چونکـە ئاسـتی ئـاوی بیـرەکان کـەم دەبنـەوە و سـەرچاوەیەکی بەردەوامـی ئـاو نیـن.

کێبڕکـێ لەسـەر بیـرە ئاوییـەکان لـە نێـوان جووتیارانـدا زیاتـر دەبێـت و لـە هەندێـک حاڵەتـدا ناکۆکـی لێدەکەوێتـەوە. بـۆ نموونـە لـە ناوچەکانـی ئەلعەبتـاخ و ئەبوکـەڵا، ململانێیەکـی توندوتیـژ سـەریهەڵدا بەهـۆی ناکۆکـی لەسـەر نزیکیـی دوو بیـر کـە لـە هەمـان ناوچـەدا هەڵکەنـدراون، بـەو پێیـەی هـەر بیرێـک ئاسـتی ئـاوی ئـەوی دیکەیـان لـە کاتـی بەکارهێنانیـدا کـەم دەکـردەوە. لەڕاسـتیدا، پێدەچێـت ململانـێ لەسـەر دەسـتڕاگەیشـتن بـە زەوییـە کشـتوکاڵییەکان و سـەرچاوەکانی ئـاو بەپێـی ئەندامانـی فۆکـۆس گـروپ و چاوپێکەوتنـەکان زیاتـر بێـت. وەک یەکێـک لـە ئەندامەکانـی گروپـی فۆکەس ئامـاژەی پێکـردووە، "ناکۆکـی لەسـەر ئاودێـری باخەکانـی باشـووری ناوچەکـە هەیـە، کـە ئـاوی کانیـاوی تەلعەفـەری تێـدا بەکاردەهێنرێـت، بـە هەمـان شـێوەش ناوچـە هەیـە خـاوەن زەوییەکـە زیادەڕەوی دەکات لـە بەکارهێنانـی ئـاوی کانییەکـە، کـە دەبێتـە ڕێگـر لـە گەیشـتنی ئـاو بـۆ ناوچەکانـی تـر".[٧٣] سـەرەڕای ئـەوەش، کەمـی بارانباریـن بووەتـە هـۆی کەمبوونـەوەی ناوچـە سـەوزە سروشـتییەکان لـە قەزاکـەدا. ئـەم شـوێنە سـەوزانە پێشـتر لەلایـەن ئاژەڵدارانـەوە بەکاردەهێـنران بەبـێ ترسـی زیادەڕۆیی لـە لەوەڕانـدن. بـەڵام ئێسـتا کێبڕکـێ لەسـەر ناوچـە سـەوزاییەکانی ئێسـتا زیـادی کـردووەو سـەرچاوەی لەوەڕاندنـی جێگـرەوە – واتـە دانەوێڵـە و خـۆراک – نرخیـان زیـادی کـردووە.

٧١ FGD، سەرکردەکانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم/شوبات ٢٠٢٣.

٧٢ FGD، سەرکردەکانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم/شوبات ٢٠٢٣.

٧٣ FGD، سەرکردەکانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم/شوبات ٢٠٢٣.

**حوکمڕانی لاواز.** دانیشتووان ئاماژە بەوە دەکەن کە نەبوونی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی حکومەت بەشداری کردووە لە گرژییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا، بەتایبەتی لە بابەتی دەستڕاگەیشتن بە ئاو. وەک یەکێک لە ئەندامەکانی فۆکۆس گروپ ئاماژەی پێکردووە،

"هیچ ڕێسایەک نییە سەبارەت بە سوودوەرگرتن سەرچاوەکانی ئاو و بیرەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە قەزاکەدا هەڵکەندراون. تەنها نزیکەی ۱۰۰ مەتر لەیەکترەوە دوورن لە کاتێکدا مەودای یاسایی ۵۰۰ مەترە".[٧٤]

(الممثل المجتمع في تلعفر ,كانون الثاني/يناير ٢٠٢٣)

لێرەدا تاوانەکە بە پلەی یەکەم دەخرێتە سەر وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان و وەزارەتی کشتوکاڵ. لەڕاستیدا، لە ڕابردوودا، ئەمەی دووەمیان قەرزی کەم سوودی پێشکەش بە جووتیاران کردبوو بە مەبەستی هەڵکەندنی بیر لە قەزاکانی تەلعەفەر و ڕەبیعە و ئەلئەیادییە، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ هاندانی زیادبوونی ژمارەی بیرەکان لە قەزاکەدا، بەڵام بە جێبەجێکردنی کەمی ڕێسا یاساییەکان. بە هەمان شێوە حکومەت تاوانبار دەکرێت بەهۆی نەپاراستنی بۆرییەکی سەرەکی ئاو بۆ ناو قەزاکە، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە ئاوی بۆرییەکە بە شێوەیەکی نایاسایی لەلایەن دانیشتوانی ناوچەی ئەلعەشیق لە قەزاکەدا بەکاردەهێنرێت.[٧٥]

هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ لەلایەن بەشێک لە دانیشتووانەوە بە بەرپرسیاری ئەو سیاسەتە بەسەرچووانە دادەنێن کە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەبەرچاو ناگرن. بە تایبەتی ئەو پرۆسەی تەرخانکردنەی کە وەزارەت بەکاری دەهێنێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە کام ناوچەی کشتوکاڵی بە پیتەو پارەی لە لایەن حوکمەتەوە بۆ تەرخان بکرێت. ئەم پرۆسەیە ناوچەکان دەخاتە سێ پۆلی جیاوازی ناوچەی گەرەنتیکراو و نیمچە گەرەنتیکراو و ناگەرەنتیکراو، کە لەلایەن دانیشتووانەوە بە پشتبەستن بە خەمڵاندنی زەوی سەیر دەکرێت کە بەهۆی وشکەساڵی بەردەوامەوە کاری پێناکرێت.[٧٦] هەروەها ڕەخنەی زۆر لە حکومەت گیراوە کە قەرەبووی ئەو جووتیارانەی نەکردووەتەوە کە زەوییەکانیان بەهۆی ڕووداوە سەختەکانی کەشوهەواوە بە توندی کاریگەرییان لەسەر بووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۲۰۱٤، کاتێک تەپوتۆز و لافاو ڕووبەرێکی زۆری زەوی و بەرهەمێکی زۆر لە زومار لەناوبردووە، و ساڵی ۲۰۱۸ کە بە زنجیرەیەک ئاگرکەوتنەوە لە ناوچەکەدا ڕوویداوە. هەرچەندە ئەم جووتیارانە داواکارییەکانیان پێشکەش کردووە کە کۆی گشتییان زیاترە لە ۲۰۰ زیانلێکەوتووە ، بەڵام دانیشتوان ئاماژە بەوە دەکەن کە تا ئێستا هیچیان قەرەبوویان وەرنەگرتووەتەوە.[٧٧]

جگە لەوەش، تێڕوانینەکە ئەوەیە کە بەرپرس و دامەزراوە حکومییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر وەڵامی دەرئەنجامەکانی گۆڕانی کەشوهەوا نادەنەوە. بۆ نموونە ئەندامانی فۆکۆس گروپ باس لەوە دەکەن کە دابینکردنی کارەبا نارێکە بەهۆی هەڵەی تۆڕی کارەباوە، کە کاریگەری لەسەر پەمپکردنی ئاو بۆ ناو قەزاکە و سەرتاسەری قەزاکە هەیە، هەروەها ئاوی پێویست نییە بۆ ئاودێریکردنی ۱۷ هەزار هێکتار زەوی کشتوکاڵی لە ڕەبیعە، چ جا قەزاکە بە گشتی.[٧٨] جگە

٧٤ FGD، نوێنەرانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم/شوبات ۲۰۲۳.

٧٥ IDI، نوێنەری کارگێڕی، کانونی دووەم /شوبات ۲۰۲۳.

٧٦ FGD، نوێنەرانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم /شوبات ۲۰۲۳.

٧٧ FGD، سەرکردەکانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم /شوبات ۲۰۲۳.

٧٨ FGD، سەرکردەکان، نوێنەران و چالاکوانان، کانونی دووەم /شوبات ۲۰۲۳.

لەوەش سەرەڕای هەبوونی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری لە وەزارەتی سامانە ئاوییەکان و وەزارەتی کشتوکاڵەوە کە مامەڵە لەگەڵ ڕێکخستنی ئاو و ئاودێری و بیابانبوون دەکەن، بەڵام بەهۆی بیرۆکراسی حکومەت و گەندەڵی و دەستبەسەرداگرتنی دامودەزگاکانی دەوڵەت لەلایەن هەندێک بەرپرسی سیاسییەوە بە بێکاریگەر سەیر دەکرێن . وەک یەکێک لە ئەندامانی فۆکوس گروپ باسی دەکات، پرۆژەی ئاودێری جزیرە، کە پرۆژەیەکی بەڕێوەبردنی ئاوە بۆ پارێزگای نەینەوا کە ئامانجی باشترکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و دەستڕاگەیشتن بە ئاو بوو بۆ کۆمەڵگاکان لە سەرانسەری پارێزگاکەدا ,[٧٩] "بڕیاربوو لەلایەن پسپۆڕانی کشتوکاڵی و تەکنیکییەوە سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام زۆربەی پرۆژەکان تەنها لە ڕێگەی خزمایەتی و دەستێوەردانی کەسانی کاریگەر لە تەلەعفەر پەسەند دەکرێن".[٨٠]

کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا و لاوازی حوکمڕانی یەکدەگرن و ململانێی توندوتیژ لە قەزاکەدا بەرهەم دەهێنن. بۆ نموونە گەندەڵی لە تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکانی ئاو لە قەزاکەدا. بە لەبەرچاوگرتنی کەمی ئاو، کێبڕکێ لەسەر پرۆژەکانی ئاودێری لە ناوچەکەدا زیادی کردووە. یەکێک لە چاوپێکەوتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێک لەو پرۆژانە کە مەبەست لێی جووتیارانی ڕەبیعە بوو، ڕاگیرا و لە کۆتاییدا پارەکان بۆ ناحیەی ئەیادییە بەهۆی فشاری سیاسی لایەنە سیاسییە نیشتمانییە کاریگەرەکانەوە گۆڕدرا. ئەمەش لە بەرامبەردا بووە هۆی ئەوەی جووتیارێکی ئازارچێشتوو لە ڕەبیعە هێرش بکەنە سەر خاوەنی پرۆژەکە لە ئایادییەو دروستبوونی شەڕ و ئاژاوەی توندوتیژ کە لە کۆتاییدا لە ڕێگەی خێڵەکییەوە یەکلایی بووەوە.[٨١]

لە غیابی دامەزراوە حکومییە کاریگەرەکاندا، دەسەڵاتداران و دەسەڵاتدارانی خێڵەکی هەنگاویان ناوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی حوکمڕانی، بەتایبەتی لەسەر بابەتی دەستڕاگەیشتن بە ئاو. بەپێی یەکێک لە چاوپێکەوتنەکان لە ئایادییە، خشتەی دابەشکردنی ئاو لەلایەن دەسەڵاتدارانی هۆزەکانەوە دانراوە بۆ بەڕێوەبردنی ١٠٠ دۆنمی باخی ترێ و هەنار و سەوزە کە لە قەزاکەدا دەچێنرێن کە پشت بە کانییەکی سروشتی دەبەستن بۆ ئاودێری.[٨٢]

**نائاسایشی بژێوی ژیان.** کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی بژێوی هەبووە.بە وتەی دانیشتوان ئەوانەی لە کەرتی کشتوکاڵدا کاردەکەن، واتە جووتیاران و بەخێوکەرانی ئاژەڵ، زۆرترین کاریگەرییان لەسەر بووە چونکە کەمی باران بارین بووەتە هۆی کەمبوونەوەی دروێنەکردن زۆر بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو و زیادبوونی تێچوونەکانی پەیوەست بە پیشەکانی پەیوەست بە ئاودێری و خۆراک بۆ ئاژەڵداری.[٨٣] لەسەر ئەمەی دووەمیان، ڕاپۆرت کراوە کە هەشت کێڵگەی پەلەوەر لە ناوچەی ئەیادییە ناچار بوون دابخرێن بەهۆی زیادبوونی تێچوونەکانی پەیوەست بە دەستەبەرکردنی خۆراک.[٨٤]

بەگشتی، ناوچە گوندنشینەکان بە بەراورد بە ناوچە شارییەکان زیاتر بەرەوڕووی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر بژێوی ژیانیان دەبینرێ بەو پێیەی ئەم ناوچانە زیاتر کشتوکاڵین.

ئەندامانی فۆکوس گروپ و چاوپێکەوتوەکانەوە پێیان وایە گوندەکانی عەین حلوا، ئەلجاهیشیە، ئەلوەردە، ئەلوەجنە، کاخرەتا، سەهلی مالیح،

٧٩ پرۆژەکە لە ساڵی ٢٠٠١ تەواو بوو، دروستکردنی بەنداوی موسڵ و کەناڵە نوێیەکانی ئاودێری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمە جگە لە نۆژەنکردنەوەی تۆڕەکانی ئاودێری هەبوو.

٨٠ FGD، نوێنەرانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم /شوبات ٢٠٢٣.

٨١ IDI، سەرۆکی هۆز، کانونی دووەم /شوبات ٢٠٢٣.

٨٢ IDI، کارمەندی ئاسایش، کانونی دووەم/شوبات ٢٠٢٣.

٨٣ FGD (هەموو) و IDI (هەموو)، کانونی دووەم /شوبات ٢٠٢٣.

٨٤ IDI، کارمەندی ئاسایش، کانونی دووەم/شوبات ٢٠٢٣.

و ئەلسەلحیە زۆرترین زیان بە بژێوی ژیانیان بەرکەوێ چونکە دانیشتووانی ئەم گوندانە تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن بۆ داهات. وشکەساڵی وایکردووە زۆرێک لە دانیشتووان زەوی و ئاژەڵەکانیان بەجێبهێڵن بەهۆی بەرزی تێچووی بەرهەمهێنان و کەمبوونەوەی قازانجەکانیان، زۆرێکیان کۆچیان کردووە بۆ ناوچە شارییەکان، بەتایبەتی ناوەندی قەزای تەلعەفەر، بەمەبەستی گەڕان بەدوای هەلی کاری جێگرەوەدا. ئەمەش فشارێکی زیاتری خستۆتە سەر بازاڕی کار کە خۆی پەستانی لەسەرە، چونکە کێبڕکێ لەسەر هەلی کار لە بواری بیناسازیدا زیادی کردووە، کە یەکێکە لە ناچالاکترین بوارەکان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا لە قەزاکە . دەوترێت هەندێکی دیکەش پەیوەندییان بە یەکێک لە گروپە ئەمنییە فەرمییەکانەوە کردووەو لەوێ دامەزراون.[٨٥] بەگشتی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا بەشداربووە لە ڕێژەی بێکاری لە ناوچەکەدا کە لە ئێستادا لە دەوروبەری ٦٠٪ دایە.[٨٦]

بژێوی ئابووری زیاتر کاریگەری دوو هۆکاری دیکەی لەسەر بووە. یەکەمیان پەیوەندی بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا هەیە. بەو پێیەی بەرهەمهێنانی بەروبوومەکان بەهۆی وشکەساڵی بەردەوامەوە کەمتر بووە (وەڵامدەرەوەکانی گروپی فۆکەس و چاوپێکەوتنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لانیکەم سێ ساڵە وەرزێکی گەشەکردنی سەرکەوتوو نەبووە)، دانیشتووان ناچار بوون ئەو بەرهەمانە هاوردە بکەن کە پێشتر لەناو قەزاکەدا بەرهەم دەهێنران، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان.[٨٧] دووەمیان پەیوەندی بە دراوی وڵاتەوە هەیە، دیناری عێراقی، کە بەهای لەدەستداوە، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی گشتی تێچووی ژیان بۆ دانیشتووان،و بەهۆی کاریگەرییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا خراپتر بووە. لە ئەنجامدا نرخی سووتەمەنی و سەماد و تۆو و تێچووی گواستنەوە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەرزبووەتەوە.

«وەک جووتیارێک لە تەلعەفەر دەتوانم شایەدی ئەوە بدەم کە وشکەساڵی ئەم دواییە کاریگەری وێرانکەری لەسەر توانای بەرهەمهێنانی بەروبوومان هەبووە. لەماوەی سێ ساڵدا وەرزێکی سەرکەوتووی گەشەکردنمان نەبووە، کە ناچاری کردوین بۆ هاوردەکردنی بەرهەم و بەرزکردنەوەی نرخەکان. ئەمە نەک تەنها کاریگەری لەسەر بژێوی ژیانمان هەبووە بەڵکو کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراکی گشتی کۆمەڵگاکەمان هەبووە. زۆر گرنگە کە کاریگەرییە درێژخایەنەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەبەرچاو بگرین لەکاتی بڕیاردان لەسەر داهاتوومان.»

(وتەی جوتیارێك لە قەزای تەلعەفەر، شوباتی ٢٠٢٣)

## دیاریکردنی لایەنە سەرەکی و کاریگەرەکان

توێژینەوەکە چەندین لایەنی سەرەکی دەستنیشانکردووە کە ڕۆڵیان هەیە لە چارەسەرکردنی گرژی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی ئەو گرژیانەی ناو قەزاکە کە بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە توندتر دەبنەوە. ئەم بەشە هەریەک لە گروپە سەرەکییەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دیاری

٨٥ ئەم گروپانە لە سەربازی عێراقەوە دەست پێدەکەن تا هێزی کۆکردنەوەی خێڵەکی تا هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆیی. IDI، کارمەندی ئاسایش، شوباتی ٢٠٢٣.

٨٦ FGD، نوێنەرانی کۆمەڵگا، کانونی دووەم /شوبات ٢٠٢٣.

٨٧ FGD (هەموو) و IDI (هەموو)، کانونی دووەم /شوبات ٢٠٢٣.

دەکات، لەگەڵ وەسفێکی کورت لە پاشخان و ڕۆڵەکانیان. سەرنج بدەن کە ئەو لایەنانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە لیستێکی تەواو لە لایەنە کاریگەرەکان لە پارێزگا یان قەزاکەدا پێکناهێنن بەڵکو ئەوانەن کە بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەندیان بە چارەسەرکردنی گرژییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەستنیشان کراون.

**دەسەڵاتە کارگێڕییەکان.** سەرۆکی قەزاکە لە پەیوەندییەکی باشدا بوو لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان و وەک کەسێکی چالاک لە یارمەتیدانی باشترکردنی دۆخی قەزاکە. شایەنی باسە قائم مەقام هاوکار بووە لە سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی بودجەی بەشدارانە کە ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدات ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە دیاریکردنی ئەوەی کام پڕۆژەی ئاسایشی خۆراک دەخرێتە ناو ڕەشنووسی بودجە کە دەچێتە سەر پارێزگار و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی بۆ پێداچوونەوە و پەسەندکردن. هەروەها سەرۆک شارەوانییەکانی ناحیەکان ڕۆڵی کارگەر دەگێڕن. جگە لەوەش، بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی کشتوکاڵ وەک ڕۆڵێکی گرنگ لە کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە کەشوهەوا دەستنیشانکران.

**سەرکردەکانی هۆزەکان.** سەرکردەکانی هۆزەکان. سەرۆک هۆزە سەرەکییەکانی قەزاکە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. هۆزە پێشەنگەکانی قەزاکە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرن، بۆ هەر کۆمەڵگەیەک:

- تورکمان: هۆزی جولاج و موراد.
- عەرەبی سوننە: ئەو هۆزانەی کە یەکێتی کۆمەڵەی هۆزەکانی شەممار پێکدەهێنن، کە هۆزەکانی ئەلراکان، ئەلفەیسەڵ، شەنگال، زەوبەع و عەبدە لەخۆدەگرێت، بە کاریگەرترین هۆزەکانی قەزاکە دادەنرێت هاوشانی ئەم هۆزانە، جۆهێش، جانوور، شەربی، لینێب لە قەزاکەدا بوونیان هەیە.
- کوردی: عەشیرەتەکانی میران، هیسنیانی، موسا ڕەشی و جەرجەری.

**قەوارە مەدەنییەکان.** باس لە سێ قەوارەی مەدەنی کرا کە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە کەمکردنەوەی ململانێ لە قەزاکەدا. یەکەمیان یەکێتی کۆمەڵەی کشتوکاڵییە. سەندیکاکە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕێکخستنی جووتیاران و خاڵی پەیوەندیە نێوان ئەوان و دەزگا حکومییەکان. بەڵام هەندێک لایەن بە کەمی توانا و سەرچاوەی پێویستی بۆ بەجێگەیاندنی ڕۆڵی کاریگەرانە لە قەڵەم دەدرێن. دووەمیان گروپی کاری قەزاکان. DWG کە بە هاوکاری نێوان GIZ و PPO پێکهاتووە، (DWG). وەک لایەنێکی سەرەکی دەستنیشانکرا کە کاردەکات لە کەمکردنەوەی ململانێکان لە سەرانسەری قەزاکەدا. DWG لە سەرکردە ناوخۆییە پێشەنگەکان پێکهاتووە، لە کارگێڕییەوە تا خێڵەکی و مەدەنی. سێیەمیان لیژنەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی زومارە، لیژنەیەک کە پێکهاتووە لە سەرکردەکانی ناحیەکان ، کە بەکۆمەڵ لە ڕێگەی لیژنەکەوە کاردەکەن بۆ وەڵامدانەوەی ئاستەنگەکانی قەزاکە. هەروەها لیژنەکە بە پشتیوانی PPO و GIZ پێکهێنرا.

# پێشنیارەکان

ئـەم پێشـنیارانەی خـوارەوە لـە ئەنجاماکانـی ئـەم ڕاپۆرتـە وەرگیـراون و زیاتـر لـە ڕێگـەی لێکۆڵینـەوە جیاوازەکانـەوە ئـاگادار دەکرێنـەوە کـە لەلایـەن بێرگـۆف و PPO ئەنجامـدراون کـە کار لەسـەر ڕێـرەوی کەشـوهەوا دەکات لـە نـۆ قـەزای دیکـە لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا. [88] ڕاپـۆرت وئەنجامەکانـی ئـەو نـۆ قەزایـە هاوشـێوەی ئـەم سـێ ڕاپۆرتـەن کـە لـەم ڕاپۆتـەدا باسـکراون. بـەم شـێوەیە، پێویسـتە ئـەم پێشـنیارانە نـەک تەنهـا وەڵامـدەرەوەی داینامیکـی مەخمـوور، ئەلریفـای و تەلعەفـەر بێـت بەڵکـوو پێشـنیارە بـۆ ئـەو نـۆ قەزایـەی دیکـەو هـەر ناوچەیەیکـی تـر کە ڕووبەڕووی تەحەدای هاوشێوە دەبنـەوە.

**پێشنیاری یەکەم:**
**بەرزکردنەوەی ئاستی ئۆپەراسیۆنە گشتییەکان**

**ئاسانکاری بـۆ پرۆسـەکانی گفتوگـۆی چارەسـەرکردنی کێشـە گشـتگیرەکان کـە سـەرکردە سـەرەکییە ناوخۆییـەکان بـە لایەنـە ناوچەیـی و نیشـتمانییە پێویسـتەکانەوە دەبەسـتێتەوە، و پارمەتـی ئاگادارکردنـەوە یـان گونجاندنـی سـتراتیژییە نیشـتمانییەکان دەدات کـە لەسـەر ئاسـتی قـەزاکان پەرەیـان پێـدراوە.** پێویسـتییەکی ڕوون هەیـە بـۆ دارشـتنی ڕێبازێکـی جێـی متمانـە و گشـتگیر بـۆ چارەسـەرکردنی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا لـە هەریـەک لـەو ناوچانـەی کـە لەبەرچـاو گیـراوە ئەمـەش لـەو ڕاسـتییەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە پێدەچێـت پچڕانـی پەیوەنـدی لە نێوان پێکهاتەکان و سـەرکردە ناوخۆییـەکان و دەسـەڵاتدارە حکومییـەکان لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی و لـە نێـوان دەسـەڵاتە فەرمییـە خـوار نیشـتمانییەکان و ئەوانـەی لەسـەر ئاسـتی فیدراڵـی و حکومەتـی هەرێـم هەبێـت. یەکێـک لـە دەرئەنجامەکانـی ئـەم پچڕانـە ئـەو هەوڵـە کەموکورتانەیـە کـە بـۆ چارەسـەرکردنی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا جێبەجـێ دەکرێـن، کـە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە غیابـی سـتراتیژیەکی هەماهەنـگ و لـە سـەرەوە بـۆ خوارەوە/خـوارەوە بـۆ سـەرەوەو ئاگادارکـراوی هاووڵاتیـان دەردەچـن. بـۆ تێپەڕاندنی ئـەم تەحەدایە، کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و کەسـایەتیە نیشـتمانییەکان پێویسـتە پشـتگیری لـە جێبەجێکردنـی گفتوگۆیەکـی گشـتگیر بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان بکـەن لەسـەر ئاسـتی قـەزا و ناحیـەکان بەجۆرێـک کـە:

١. کۆکردنـەوەی هەمـوو لایەنـە پەیوەندیـدارە سـەرەکییە ناوخۆییـەکان، وەك سـەرکردەکانی هـۆزەکان، نوێنەرانـی پارتـە سیاسـییەکان، نوێنـەرە ئایینییـەکان، بەڕێوەبەرایەتـی خزمەتگوزارییـەکان، سـەرۆک شـارەوانی قـەزاو ناحیـەکان، کـە پێویسـتن بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەری واقیعـی بـۆ ئـەو تەحەددایانـەی کـە گۆڕانـی کەشـوهەوا هێناویەتییـە ئـاراوە؛

٢. بەسـتنەوەی ئـەو لایەنـە پەیوەندیدارانـە بـە دەسـەڵاتە گرنگەکانـی حوکمڕانـی لـە حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی هەرێـم و دەسـەڵاتە حوکمڕانییـە لاوەکییـەکان، وەک وەزارەتەکانـی سـەرچاوە ئـاوی و کشـتوکاڵ و ژینگـەی حکومەتـی عێـراق و بەڕێوەبەرایەتییـە خزمەتگوزاریەکانـی لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و قەزاکان؛قایمقامیەتـەکان؛ پەرلەمانتـاران و ڕاوێـژکاری ئاسایشـی نیشـتمانی و ئەنجومەنـی فەرماندەیـی هاوبـەش.

٣. یارمەتیـدان لـە بەرهەمهێنانی پلانـی وەڵامدانەوەی کۆمەڵـگا کـە پەیوەسـتە بە سـتراتیژییەکانی ئاسـتی نیشـتمانی کـە پـەرەی پێدەدرێـت. ئـەم بەسـتەرە دەتوانێـت یـان لـە شـێوەی ئاگادارکردنـەوەی پلانەکانـی ئاسـتی نیشـتمانی بێـت، واتـە

---

٨٨ ئەو قەزایانەی کە دەیانگرێتەوە بریتین لە ئافاک، بەیجی، چەمچەماڵ، حەمزەی ڕۆژهەڵات، حەویجە، کەلار، کفری، شەت العرب و ئەلزوبەیر.

ستراتیژیەتی بۆ سەرچاوەکانی زەوی و ئاو، پلانی نیشتمانی گونجاندن و وەرەقەی سەوز، یان گونجاندنیان لەگەڵ ئاستی قەزاکان.

٤. پشتگیریکردن لە ڕەچاوکردنی هەستیاری ململانێ لە میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە دەرئەنجامە نەخوازراوەکان لە سیاسەتە خراپەکانی داڕێژراو، کە مەبەست لێی چارەسەرکردنی مەترسییەکانی ئاسایشی کەشوهەوایە.

ئەم پرۆسانە نەک هەر ڕێگە بە چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانە دەدەن کە بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دروست دەبن یان خراپتر دەبن، بەڵکو یارمەتیدەر دەبن بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی و هاوکاری لە کۆمەڵگا و دەزگاکانی حکومەت. ئەمەش لە بەرامبەردا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی کەمی نوێنەرایەتی کە لە ئەلریفایدا هەیە چونکە ئەمە بۆ نموونە دەبێتە هۆی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆتر لە پرۆسەکانی بڕیاردانی سەرەکیدا.

خاڵە سەرەکییەکانی چوونە ژوورەوە بۆ دامەزراندنی پرۆسەکانی گفتوگۆ بریتین لە نووسینگەکانی پارێزگارەکان، سەرۆک شارەوانیەکانی قەزاکان، میکانیزمەکانی ئاشتی ناوخۆیی هەن، وەک لیژنەکانی ئاشتی ناوخۆیی و گروپەکانی کاری قەزاکان، و سەرکردەکانی خێڵەکی و کۆمەڵگا. لەڕاستیدا میکانیزمەکانی ئاشتی ناوخۆیی لە تەلەعفەر و مەخمور دەتوانن وەک خاڵی چوونە ژوورەوە کاربکەن بە کەمترین بەربەستی چوونە ژوورەوە. لە ناحیەی زومار لە تەلەعفەر، هەردوو گروپی کاری قەزا و لیژنەیەکی ئاشتی ناوخۆیی کە لە سەرکردە سەرەکییەکانی قەزاکان پێکهاتوون لە ئێستاوە بوونیان هەیە و ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە بۆ کەمکردنەوەی ململانێ لە ناوچەکانیان بە پشتیوانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان. هەمان شت بۆ مەخموریش ڕاستە، کە ئەنجوومەنێکی عەشایەری هەیە کە چالاکانە کار لەسەر تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانە دەکات کە لە لایەن ناوچە کێشەلەسەرەکانەوە دروستکراون، وەک دوو ئیدارەی ڕکابەر و ئەو دەرئەنجامە ناکاریگەرانەی حوکمڕانی کە لە ئەنجامدا هاتۆتە ئاراوە.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان کە ئەزموونی دامەزراندن و ئاسانکاریکردنی پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆی ناوخۆییان هەیە بریتین لە ڕێکخراوی پارادایمەکانی ئاشتی (PPO)، بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچکردن (IOM)، پەیمانگای ئاشتی ئەمریکا (USIP)، و GIZ، و کۆمەڵەی ئەلتەحریر بۆ گەشەپێدان.[٨٩]

**پێشنیاری دووەم:**
**فاکتەری بودجە لە پلانەکانی کەشوهەوادا**

**داکۆکیکردن لە تەرخانکردنی بودجەی گونجاو لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەوە کە کەمترین مەرجیان هەبێت بۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنە هەرە زەقەکانی پلانی وەڵامدانەوەی کەشوهەوا.** بودجەی قەزاکان ئامرازێکی سەرەکییە بۆ یارمەتیدان لە بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. بەبێ سەرچاوەی پێویست، هیچ پلانێک یان ستراتیژییەک کاریگەر نابێت هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی چەندە گشتگیر و وەڵامدەرەوە بێت. هەرچەندە بەدوور نازانرێت ئەو بودجانەی کە بۆ دەسەڵاتدارانی قەزاکان تەرخانکراون نەگاتە ئاستی داواکاریەکان، بەڵام دەتوانرێت پشتگیری و بەشداریکردنی بەرپرسەکانی لایەنەکانی قەزا، پارێزگا و نیشتمانی لە پرۆسەی پەرەپێدانی بودجەدا بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لانیکەم هەندێک پرسە سەرەکییەکانی

٨٩ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەکانی ئاشتی و گفتوگۆی ناوخۆیی لە عێراق و چۆنیەتی دیزاینکردن و جێبەجێکردن، سەیری IOM/PPO: ئامرازی پرۆسەکانی ئاشتی ناوخۆیی بۆ عێراق بکەن.لینك:
.https://iraq.iom.int/sites/g/files/tmzbdl1316/files/documents/Local%20Peace%20Processes%20Toolkit%20%28final%20version%29.pdf

پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا پارەیان بۆ دابین دەکرێت .

پرۆسەی بودجەی نیشتمانی لەلایەن دوو وەزارەتی سەرەکی نیشتمانییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کە بریتین لە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی. ئەم دوو وەزارەتە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی وەزارەتەکانی دیکە و دەسەڵاتی پارێزگاکان پێشنیاری بودجە دادەڕێژن. تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بەم دووەمیانەوە هەیە، سەرۆک شارەوانییەکانی قەزاکە (قایمەقام) ئەرکی بەشداریکردنی بەرپرسانی ناوخۆیی و کۆمەڵگاکانیان پێ سپێردراوە بۆ دەستنیشانکردنی پێویستییە هەرە زەرورەکانی قەزاکە. پاشان ئەم بڕگانە دەنێردرێت بۆ پارێزگاری پارێزگاکە کە ئەرکی کۆکردنەوەی ڕەشنووسی بودجەی هەیە بۆ پارێزگاکە. دواتر ئەمەش ڕەوانەی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی دەکرێت بۆ پێداچوونەوە و ئاگادارکردنەوەی پەرەپێدانی بودجەی کۆتایی پارێزگاکان. لە کۆتاییدا دوو وەزارەتەکەی دوایی بڕیار لەسەر تەرخانکردنی بودجەی کۆتایی دەدەن بە پشتبەستن بە سەرچاوەی بەردەست. پارێزگارەکان هەندێک دەسەڵاتی فراوانیان هەیە لەسەر تەرخانکردنەکان کاتێک بودجەی کۆتایی وەردەگرن و سەرۆک شارەوانییەکانی قەزاکان ڕۆڵێکی سەرەکی چاودێریکردنیان هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بودجەی قەزاکان بەپێی پلانە بودجە پەسەندکراوەکان جێبەجێ دەکرێن.

لە کاتی پرۆسەی دانانی ڕەشنوسی بودجەدا، زۆر گرنگە کە زۆرترین بابەتی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە قەزاکاندا دەستنیشان بکرێن و داکۆکییان لێبکرێت. لە کاتی پرۆسەی بودجەدا. بۆ یارمەتیدان لەم کارەدا، ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری یارمەتیدانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی قەزاکانی کردووە بۆ پەرەپێدانی پلانی وەڵامدانەوەی گۆڕانی کەشوهەوا کە بۆچونی کۆمەڵگە بە هەند وەربگیرێت لە قەزاکان (پێشنیار ١). بەڵام بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژە و دەستپێشخەرییە سەرەکییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان پێویستیان بە هاوکاری سەرکردەکانی قەزاکان هەیە بۆ بەدواداچوون و داکۆکیکردن لە بابەتە سەرەکییەکان لەگەڵ پارێزگارەکان، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی، و پەرلەمانتارانی قەزاکان. بەبێ تەرخانکردن بۆ ئەو پرسە زۆرانەی کە لە پلانەکانی وەڵامدانەوەی گۆڕانی کەشوهەوای ناوچەکەدا دەستنیشانکراون، پێشکەوتنێکی کەم لە گۆڕینی پلانەکان بۆ دەستکەوتی ڕاستەقینە لە ئاستی قەزاکاندا بەدەست دێت.

## پێشنیاری سێیەم:
## بەهێزکردنی تواناکانی لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان

**بەهێزکردنی توانای دەزگاکانی حکومەت لە بواری بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان و وەڵامدانەوەی سیاسەتی خۆڕاگری کەشوهەوا، شتێک کە پێویستە شانبەشانی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی ئەنجام بدرێت.** پێویستە توانا و پشتگیری تەکنیکی پێشکەش بە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت بکرێت، بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان، و فەرمانگەکانی پارێزگارەکان، بە مەبەستی زیادکردنی توانایان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەرو بۆ ئەوەی:

- باشترکردن و پاراستنی ژێرخانی ئاو، کە پێویستییەکی زۆری بە چاککردنەوە هەیە لە سەرانسەری وڵاتدا.[90] خراپی ژێرخانی ئاو و خراپ بەڕێوەبردن هۆکارن لە دزەکردنی ئاو، ئەمەش

---

٩٠ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، سەیری محەمەد، شوان: گرنگی چاککردنی ئاودێری عێراق بکەن. لە: ١٠٠١ بیری عێراقی، 6ی تەمموزی ٢٠١٨.لینك: https://1001iraqithoughts.com/2018/07/06/the-importance-of-fixing-iraqs-irrigation
و FAO: بەرنامەی لاوەکی نۆژەنکردنەوەی کشتوکاڵ و سیستەمی ئاو ٢٠١٨ – ٢٠٢٠. لینکی: https://www.fao.org/3/ca1511en/CA1511EN.pdf.

کەمــی ئــاوی زیاتــر کــردووە. پارمەتیــدان لــە باشــترکردنی ژێرخانــی و شــێوازەکانی بەڕێوەبــردن پارمەتیــدەر دەبێــت بــۆ کەمکردنــەوەی ئــەو کاریگەرییــەی کەمــی ئــاو لەســەر کۆمەڵــگاکان هەیەتــی. لــە کاتێکــدا ئەمــە کێشــەیەکە کــە لــە هەمــوو ئــەو قەزایانــەی کــە لــەم ڕاپۆرتــەدا باســکراون، بــەڵام بــە تایبەتــی لــە تەلعەفــەردا توند و کارگەرتــرە کــە ڕووبــەڕووی دەرئەنجامەکانــی بێکاریگــەری تــۆڕی ئاودێــری جزیــرە دەبێتــەوە.

- چاکسـازی و چڕکردنـی چاودێـری و جێبەجێکردنـی ڕێسـاکانی دەسـتڕاگەیشـتن بـە ئـاو، کـە سـەرچاوەی گرژییـە لـە نێـوان کۆمەڵـگاکان، لـە نێـوان کۆمەڵـگاکان و دەسـەڵاتدارانی پارێـزگاکان، و لـە نێـوان دەزگا فیدراڵیـەکان و حکومەتەکانـی پارێـزگاکان.

- پێشکەشـکردنی هـاوکاری بـۆ جووتیـاران، لەوانەش شـێوازەکانی ئاودێـری مۆدێـرن و تـۆوی بەرهـەم کـە کەمـتر پێویسـتی بـە ئـاو دەبێـت. بـۆ نموونـە، ناوچانـەی باشـوور کـە پشـت بـە ڕووبـارەکان دەبەسـتن بـۆ ئاودێـری بەرهەمەکانیـان بـە ئاودێری لافـاو ئـاو دەدەن، ئەمـەش کارێکـە کـە ئـاوی زۆری دەوێـت. بەربەسـتەکانی دوورکەوتنـەوە لـەم کـرداره و بەکارهێنانـی تەکنەلۆژیـای هاوچـەرخ کـە ئـاوی کەمـتر بەفیـڕۆ دەدات بریتیـن لـە تێچوو و توانـای جێبەجێکردنـی شـێوازە هاوچەرخەکانـی ئاودێـری. کـە پێویسـتە پشـتگیری ئـەم بابەتانـە بکرێـت.

- پشـتگیری لـە چاکسـازی و ڕێسـاکانی خاوەندارێتـی زەوی بکـەن سـەبارەت بـە شـێوازەکانی لەوەڕانـدن، کـە هەردووکیـان دەتوانـن کەرتـی کشـتوکاڵ بەرهەمدارتـر بکـەن و گرژییەکانـی نێـوان خـاوەن زەوی و شـوانکارەکان کـەم بکەنـەوە کـە بـەدوای لەوەڕگـەی هەمیشـە بچووکبـووەوەدا دەگەڕێـن بـۆ لەوەڕاندنـی ئاژەڵەکانیـان.

- پشـتگیریکردنی ناوچـە شـارییەکان بـە دابینکردنـی ئـەو پێویسـتیانەی کـە هـاوکارن بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ هاتنـی لێشـاوی کۆچبـەران بـە هـۆی گرفتەکانـی پەیوەسـت بـە کەشـوهەوا. ئـەم ناوچانـە پەرەپەسـتۆیەکی زۆریـان کەوتوەتـە سـەر بەهـۆی ئـەو کۆچبەرانـەوە ، ئەمـەش فشـار زیاتـر دەخاتـە سـەر سـەرچاوە و خزمەتگوزارییـەکان کـە پێشـتریش لـە ئاسـتی پێویسـتدا نەبـوون. بـەو هۆیـەوە گـرژی لـە نێـوان تازەهاتـووان و دانیشـتوانی ئێسـتا سـەریهەڵداوە لەسـەر کێبڕکێـی دەرفەتـی کار.

هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەم هەوڵانـە، کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و ڕێکخـراوە نیشـتمانییەکان پێویسـتیان بـە هـاوکاری هەیـە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی کارگێـڕی لەنـاو کەرتـی گشـتیدا، بەتایبەتـی لەنێـو ئەو دامەزراوانـەی کـە لـە پێشـەنگی ڕووبەڕووبوونـەوەی قەیرانـی کەشـوهەوا و کاریگەرییـە زیانبەخشـەکانی لەسـەر وڵات. بەبـێ ئەمـە، ئـەو هەوڵانـەی لـەم ڕاپۆرتـەدا هاتـووە، بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە شکسـت دەهێنـن و کاریگـەر نابـن چونکـە گەندەڵـی بەربڵاو وەک بەڵایەکـە هـەم بـۆ کەرتـی گشـتی و هـەم بـۆ توانـای بەرهەمهێنانـی دەرئەنجامـی حوکمڕانـی بـاش بـە گشـتی و لـە دەسـتڕاگەیشـتن و دابینکردنـی ئـاو بـە تایبەتـی. نموونـەو بەڵگـەی ئەمـەش لـە دەرەنجامەکانی ئـەم سـێ قەزایـە ڕوونـن.

## پێشنیاری چوارەم:
## پێشخستنی هاوکاری هاوبەش

**بەهێزکردنی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان لایەنە کارگێرە جیاوازەکاندا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاسایشی کەشوهەوا لە عێراقدا بۆ دوورکەوتنەوە لە کاری دووبارە و بەریەککەوتن لە ئاستی بەرنامەسازیدا.** لە کاتێکدا کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و خێرخوازان زیاتر ئارەزووی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاسایشی کەشوهەوا لە وڵاتەکەدا دەکەن، زۆر گرنگە سەکۆیەک بۆ هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕکردن دروست بکرێت کە بەخشەرە گەورەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوتاکانی حکومەت کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن گفتوگۆ بکەن و ئەولەویەت و ئاراستە ستراتیژییەکان لە ئاستی سیاسەت و بەرنامەسازیدا دیاری بکەن. هەروەها زۆر گرنگە دڵنیابین لەوەی هەوڵەکانی لایەنە جیاوازەکان هاوتەریبن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کاریگەری ئەم هەوڵانە و هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو ڕێبازانەی کە ئەم لایەنانە گرتوویانەتەبەر، لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانن، هەستیارن بە ململانێ، هاوبەش و گشتگیرن. هەروەها دەتوانرێت ئەم چوارچێوەی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕکردنە بەژداری پێبکرێت لە ئاستی ناوخۆیی و خوار نیشتمانیش بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەماهەنگی لە ئاستی نیشتمانییەوە تا ئاستی ناوخۆیی هەیە و وڵامدانەوەی ناوخۆیی بۆ سیاسەت و ئاراستە ستراتیژییەکانی ئاستی نیشتمانی دەبێت و تەواوکەری دەبێت . هەروەها هەماهەنگی نێوان کەرتە جیاوازەکان زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هاوکاری تەکنیکی و وەبەرهێنان لەگەڵ ڕێبازەکانی بنیاتنانی ئاشتی و بەهێزکردنی حوکمڕانیدا تێکەڵ بکرێت. بۆیە دەتوانرێت کاریگەرییە بەردەوامەکان زیاد بکرێت و هۆکارە بنەڕەتییەکان باشتر چارەسەر بکرێت ،چونکە بۆ نموونە، یارمەتی تەکنیکی بە تێکەڵکردن لەگەڵ هەوڵەکانی گفتوگۆ ڕاستەوخۆ وەڵامی پێداویستییەکانی کۆمەڵگاکان دەداتەوە و پشتگیری لە دروستکردنی خاڵەکانی چوونە ژوورەوە دەکات بۆ دەستێوەردانەکان.

## پێشنیاری پێنجەم:
## پێشخستنی حوکمڕانی کاریگەر

**پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی نێوەندگیری بۆ چارەسەرکردنی گەردنی تەنگەکانی حوکمڕانی کە لە پرسی ناوچە ناکۆکەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە ڕێگری لەو چارەسەرو کردارانە دەکەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی کەشوهەوا.** هەرچەندە حوکمڕانی ناکاریگەر، کە بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت و سنووردارکردنی تواناکان و گەندەڵی ئیدارییە ، تایبەتمەندییەکی زۆربەی دامودەزگاکانی حکومەتە لە وڵاتەکەدا، بەڵام ئەم دیاردەیە لە ناوچە ناکۆك لەسەرەکان لە نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ، وەک مەخمور و زومار ، زەقترە. لێرەدا پرۆسەی بڕیاردان لەسەر ئاستی ناوخۆیی دوو لایەنە بووە، ئەمەش قورسی کردووە دەسەڵاتدارانی حوکمڕانی چارەسەری بەردەوام بەرهەمبهێنن کە بتوانێت گرژییەکانی کەشوهەوا چارەسەر بکات یان هێوری بکاتەوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە پشتگیری لە هەوڵەکانی نێوەندگیری بکات لەم ناوچانەدا کە یارمەتیدەرە لە هەماهەنگی و بەهێزکردنی پرۆسەکانی بڕیاردان کە پەیوەندییان بە پرسەکانی حوکمڕانی ناوخۆییەوە هەیە، لەوانە ئەوانەی پەیوەندییان بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا هەیە. ئەم نێوەندگیرییە نابێت باس لە دۆخی کۆتایی ئەم زەویانە بکات، واتە پرسی هەستیاری مادەی ١٤٠، بەڵکو زیاتر سەرنجی لەسەر زیادکردنی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا بێت لەسەر پرسە تایبەتەکان کە کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەکان هەیە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان.

## پێشنیاری شەشەم:
## بەهێزکردنی هەوڵەکانی نێوەندگیری

**داکۆکیکردن لە نێوەندگیری حکومەتی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی عێراق وەرگری ئاوە.** لە کاتێکدا وشکەساڵی هۆکارێکی سەرەکییە کە کاریگەری لەسەر گرژییەکانی کەمی ئاو هەیە، هەروەها ئەو ڕاستییەش کە عێراق پشت بە لێشاوی ئاو دەبەستێت لە سەرچاوە ئاوییەکانەوە کە لە تورکیا و ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوەی کە هەردوو وڵات بەنداو و وێستگەی کارەبا لەسەر ئەم سەرچاوانەی ڕووبارەکان دروست دەکەن، بڕی ئاوی ڕۆیشتنی بۆ ناو عێراق سنووردار کردووە. لە ساڵی ٢٠٢٢دا ئاوی ڕژاو لە تورکیاوە بۆ ئەو وڵاتە بە ڕێژەی ٦٦٪ کەمی کردووە و ئاوی ئێرانیش بە ڕێژەی ٩٠٪ دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.[٩١] لەگەڵ زیادبوونی گرژییەکانی نێوان عێراق و دراوسێکانی، هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران گۆڕانی کەشوهەوا بە هۆکاری کەمبوونەوەی ڕۆیشتنی ئاو بۆ ناو وڵاتەکە دەزانن. بارودۆخی گرژی پێویستی بە دارشتنی ڕێککەوتنەکان هەیە سەبارەت بە بەکارهێنانی دادپەروەرانەی سەرچاوە ئاوییەکانی دەرەوەی سنوور لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران، ئەمەش شتێکە کە حکومەتی عێراق دەبێت لە ئەرکی ئێستای خۆیدا لە پێشینەی کارەکانیدا دابنێت.

## پێشنیاری حەوتەم:
## پشتگیریکردن لە توێژینەوەی گشتگیر

**پشتگیریکردن لە توێژینەوەی زیاتر بۆ درووستکردنی بنکی زانیاری، لێکۆڵینەوە لە بوارە پەیوەندیدارەکانی زیاتر وەک کارلێکی نێوان کەشوهەوا، ململانێ و ڕەگەز، و تەواوکردنی ڕێبازی شیکاری هەبوو بە میتۆدۆلۆژیای زیاتر بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنێکی گشتگیر لە بابەتەکە.** تا ئێستا ڕەگەز ڕۆڵێکی پەراوێزی لە لێکۆڵینەوەکانی ململانێی کەشوهەوادا گێڕاوە. بەڵام وەرگرتنی دیدگای ڕەگەزی زۆر گرنگە بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی گشتگیر لە داینامیکی ململانێکانی پەیوەست بە کەشوهەوا و ئاسایشدا. جگە لەوەش، دانپێدانانی ڕوون بە داینامیکی دەسەڵاتی ڕەگەزی زانیاری لەسەر چۆنیەتی ئاسانکاری، کەمکردنەوە یان ڕێگریکردن لە ململانێکانی پەیوەست بە کەشوهەوا، ئەمەش خۆڕاگری سەبارەت بە هەردوو ململانێ و گۆڕانی کەشوهەوا بەرجەستە دەکات. بۆیە پێویستە ڕەچاوکردنی ڕەگەزی لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو و دارشتنی سیاسەتدا سەبارەت بە هاوبەشی گۆڕانی کەشوهەوا و ململانێدا جێگەی سەرنج بێت. جگە لەوەش، ئەو میتۆدۆلۆژیایەی کە بەکارهێنرا، گشتگیر بوو لە هەوڵەکانیدا بۆ لەخۆگرتنی چەندین ڕێڕەوی ئاسایشی کەشوهەوا و مەترسییەکانی پەیوەست بەوەوە. بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە چوارچێوەی شیکاری بێ سنووردارکردنی سروشتی نییە. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر سروشتی فرەلایەنەی بابەتەکە چارەسەر بکرێت، پێویستە هەمەچەشنکردنی ستراتیژی لە ڕێبازە شیکارییەکان لەبەرچاو بگیرێت. فراوانبوونێکی میتۆدۆلۆژی لەو شێوەیە بەڵێنی دابینکردنی دیدێکی گشتگیرتر وردتر هەیە.[٩٢]

---

91 ئەلمۆنیتۆر: ئێران و عێراق تۆمەتەکانیان لەسەر ڕۆیشتنی ئاو ئاڵوگۆڕ دەکەن، ٢٥ی کانونی دووەم ٢٠٢٢. لینکی: https://www.al-monitor.com/originals/2022/01/iran-iraq-exchange-accusations-over-water-flow#ixzz7pVW629GW.

٩٢ سەنتەری لاهای بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان: هەڵدانەوەی فایلی ئاسایشی کەشوهەوا. حەوت نەخۆشی کە کەشوهەوا بە ململانێی توندوتیژەوە دەبەستنەوە، ئازاری ٢٠٢٢.

# Notes

# Notes

ڕێکخراوی پارادایمەکانی ئاشتی
ناوچەی ئەلقادیسیە، قەزای ٦٠٦
شەقامی ١٤، خانووی ٣٣
بەغدا، عێراق

بەختیاری وەزیران، MNW
بینای B٣، نهۆمی ٨، شوقە ١-٤
هەولێر، عێراق

www.ppo-iq.org

@peaceparadigms
/peaceparadigms
/peaceparadigms

ئۆپەراسیۆنەکانی دامەزراوەی بێرگۆف gGmbH
لیندێنستراس ٣٤
١٠٩٦٩ بەرلین
ئەڵمانیا

www.berghof-foundation.org
info@berghof-foundation.org

@BerghofFnd
/BerghofFoundation
/berghof-foundation
@berghoffnd